# قەیرانو وەرچەرخان



عومەر میراوەدەلی

ئەگەر لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، کەسانێك هەبن لەکاتی تەنگژەو گرفتو قەیراندا، خاوەنی نەخشەو پیلان بنو تیۆریزەی تێزو بیرو بۆچوونو ڕوانینی جیا جیا بکەن، ئەوا کەسانی دیکەش هەن بەپێچەوانەوە، دوور لەڕامانو لێکدانەوەو ڕاڤەکردن، لەڕووداوەکان دەڕوانن و هەنگاو بزووتنەوەی مێژوو، بەلایانەوە مایەی ڕامانو بیرکردنەوەی قوڵ نینو گۆڕانکاریو ڕووداوەکانی نێو مێژوو وەك خۆیان دەبینن، بەبێ ئەوەی ڕاڤەو لێکدانەوەیەکی دیکەی جیا لەوەیان بۆبکەن، کەڕۆژانە زوربەی خەڵکی دەیڵێنو دووبارەی دەکەنەوە. ڕوانینو بۆچوونی خەڵکی لە بەرامبەرکارەساتو دیاردەو مێژوودا، وەك یەك نییەو ئەمەش نەك حاڵەتێکی نەخوازراوە؛ بەڵکو بووەتە هۆی ئەوەی، کەڕەوتی فکریی و عەقڵی مرۆڤ لە گەشەسەندنو بەرەو پێشەوە چووندابێ. خوێندنەوەی تاکرەهەندیو بینینی یەکدیوی مێژوو، عەقڵو فکری مرۆڤ بەرەو چەقبەستنو دۆگمایی دەبا. هەر کۆمەڵگەیەك بیەوێ ببێتە خاوەنی پڕۆژەی عەقلگەراییو بیرو هزر تێیدا گەشەبکا، پێویستە خۆی لەیەکڕەنگیو یەکدەنگی بپارێزێو بوار بدا، ململانێی فکریو فەلسەفی لەبەردەوامیدابنو جێگەی بیرو ڕاو ڕوانینی جۆراو جۆری تێدابببێتەوە. کاتێك لە کۆمەڵگەدا کەسانێك هەست بە بوونی قەیران دەکەن، ئەم هەستکردنە دەبێتە سەرەتایەك بۆبوونی وەرچەرخانو گۆڕانکاری. دوای ئەم سەرەتایە، گۆڕانکاریو ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەو قەیرانەکان، پێویستی بەهەنگاوی دیکەو نەخشەو پیلانو کارکردن هەیە. بوونی قەیران لەهەموو کاتێکدا، مانای بوونی گۆڕانکاری ناگەیەنێ. مەریوان وریاقانیع دەڵێ: ((بێگومان بوونو ئامادەگی قەیران مانای بوونو ئامادەگی گۆڕان نییە))(١) ڕوانینو قسەکردن لەسەر قەیرانو گرفتەکان، لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکەو، لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکەو لەکاتو سەردەمێکەوە بۆ کاتو سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێ. مەرج نییە هەر ڕوانینو بۆچوونی باوی کۆمەڵگە، ڕێگربێ لەبەردەم ئەوەی بەجۆرێکی دیکەو لەڕەهەندێکی دیکەوە لە کێشەو قەیرانەکان بڕوانرێ؛ بەڵکو هەندێ جار باڵادەستی ڕوانینو بۆچوونی بیرمەندو فەیلەسوفێك، لەلایەن کۆمەڵگەوە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆلێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دیاردەکانو ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتو قەیرانەکان. دەشێ ڕوانینی باوی کۆمەڵگەو بۆچوونی بیرمەندو فەیلەسوفێك یارمەتیدەربێ، بۆ لێکدانەوەو ڕاڤە کردن؛ بەڵام کاتێك دۆگماییانەو بێ دەستکاریکردن، مامەڵەیان لەگەڵدادەکرێ دەبێتە گرفتێکی دیکە. ئەگەر چاکسازیو گۆڕانکاریو بانگەشەکردن بۆڕوانینو بۆچوونی باوو دەست لێنەدراوی کۆمەڵگە لەلای هەندێك قبوڵبکرێو پشتیوانی لێبکرێ، ئەوا لەلای هەندێکی دیکە نەك پێشوازی لێناکرێو قبوڵناکرێ، بەڵکو دژایەتی دەکرێو وەك قەیرانو گرفتێك سەیری دەکرێ. زۆرجار ڕۆشنبیرانو بیرمەندانیش، لەژێر پاڵەپەستۆی کۆمەڵگە یان دەسەلاتدا هەمان ئەو ڕوانینو گوتەزایانە دووبارە دەکەنەوە، کەخەڵك دەربارەی دیاردەو گرفتو قەیرانەکان دەیڵێنەوە. لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دیاردەکانو ژیانو بوون، بە تەنیا ئەرکی بیرمەندانو فەیلەسوفان نییە؛ بەڵکوخەڵکی دیکەش بۆیان هەیە لە دیاردەکان ڕامێننو هەڵوێستو ڕوانینی جیاجیایان لە بەرامبەردا دەربڕن. ئەوەی ڕوانینی بیرمەندانو فەیلەسوفان لەڕوانینی جەماوەرو زوربەی خەڵك جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ڕوانینو بۆچوونی زوربەی خەڵك بەزۆری بیرو بۆچوونی باوو دەستلێنەدراوی کەڵەکەبووی نێوهەناوی کۆمەڵگەیەو ئەوەی بۆ چەندەمین جار گوتراوەو دووبارە بۆتەوە، جارێکی دیکە دەگوترێتەوەو دووبارە دەبێتەوە بەڵام بیرمەندانو فەیلەسوفان نایانەوێ ئەوەی دەگوترێتو بووەتە بەشێك لەکولتووری باوی کۆمەڵگە وەك خۆی بمێنێتەوەو دەستکاری نەکرێ. کردەی داهێنان هەروەك (ئەدۆنیس) بۆی دەچێ کردەیەکە والە داهێنەر دەکا بەردەوام لە تێپەڕاندنی خۆیو ئەوانی دیکە دابێ (٢) کاتێك ئێمەبەرهەمی نووسەرو شاعیرێکی پێشین دەخوێنینەوە سەرسامیو ڕاڵێبوونی خۆمانی لە بەرامبەردا دەردەبڕین، لەبەر ئەوەیە ئەوشاعیرە توانیویەتی لەو سەردەمەدا کردەی تێپەڕاندن ئەنجام بدا هەرچەندە بابەتەکە لەسەردەمو مێژوویەکی جیادا نووسراوە؛ بەڵام ئێمە هەست بەنوێگەریو داهێنانی ئەو نووسەرە دەکەینو دوای تێپەڕینی چەندان سەدە حەزدەکەین جارێکی دیکە بیخوێنینەوە.کردەی داهێنانو هەوڵدان بۆ خوێندنەوەو بینینی جیهان لە دیدگەیەکی دیکەوە تایبەت نییە بەسەردەمو قۆناغێکەوە. لەهەموو سەردەمێکدا ئەم حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە. ئەگەرکۆمەڵێك دەیانەوێ جارێکی دیکە گوتراوەکان بڵێنەوەو بەدوای نەبینراوێكو وێنەیەکی دیکەدا ناگەڕێن، ئەوا کۆمەڵێکی دیکە دەیانەوێ لە بینراوو بیستراوەکان تێپەڕێننو گوتەیەکی دیکە بخەنە پاڵ گوتەکانی پێشتر. هەر تێزو بیرو بۆچوونێك، ئەگەر لەدیدگەی جیاجیاوە سەیری نەکراو بیرمەندانو فەیلەسوفان لەڕەهەندی جیاجیاوە نەیانخوێندەوەو ڕاڤەی جۆراو جۆریان بۆنەکرد ئەوا لەڕەوتی گەشەسەندنی خۆی دەوەستێو ڕووبەڕووی چەقبەستویی دەبێتەوە. زۆر دەق هەیە بەجارێك خوێندنەوە، خۆی بەدەستەوە دەداو خاوەنی ڕووی دیارو ئاشکرایەو لە ڕووی نادیارو نەدیو بێبەشە. هەندێك دەقی دیکەش بەپێچەوانەوە جگە لەڕووە دیارو ئاشکراکان خاوەنی ڕووی نادیارو نەدیویشە. سەیرکردنی قەیرانو گرفتەکان لە دەلاقەی جیاجیاوە هۆیەکی کۆمەکبەخشە بۆزیاتر ئاشنابوون بەو گرفتو قەیرانە. بیرمەندو هزرمەندان، نایانەوێ دیاردەو ڕووداوەکان وەك خۆیان ببینن و لێکدانەوەیەوەو ڕاڤەیەکی دیکەی جگە لەو ڕاڤەو لێکدانەوە باوو دووبارەبووانەوە، بۆژیانو بوون نەکەن. ئەمە سروشتی مرۆڤە کەدەیەوێ دەستکاری سروشت بکا؛بەڵام ئەم دەستکاریکردنو گۆڕانکارییە لە یەکێکەوە بۆ یەکێی دیکە دەگۆڕێ. جان جاك ڕۆسۆ دەڵێ((مرۆڤ حەزدەکا دەستکاری سروشت بکا))(٣) چۆنێتی تێگەیشتنو ڕاڤەکردنی هەر کێشەو قەیرانێك، سەرەتاو دەسپێکی چۆنێتی چارەسەرکردنو دەست نیشانکردنو ناسینی ئەو کێشەو قەیرانەیە. ڕوانینی ئایدۆلۆژیانە دیوێکی دیاردەو قەیرانو ڕووداوەکان دەبینێو ڕوانینی فکریی و فەلسەفیش دیوێکی دیکە. جگە لەم دوو جۆرە تێگەیشتنو ڕوانینە، ڕوانینو بۆچوونی زوربەی خەڵکیش یان جەماوەر ڕاڤەکردنو لێکدانەوەیەکی دیکەی قەیرانو

ڕووداوەکانە. زاڵبوونی گوتاری سیاسی لەکولتورو مێژووی ئێمەدا بووەتە هۆی ئەوەی کەبابەتە فکریی‌و ئەدەبی‌و فەلسەفییەکان، تێکەڵ بەو گوتارە بکرێن‌و لێرەدا بابەتێکی فکریی‌و ئەدەبی بە ئەندازەی نزیکی‌و دووری لە گوتارە ئایدۆلۆژی‌و سیاسییەی باڵادەست بووە مامەڵەی لەگەڵداکراوە ئەمەش وایکردووە کەفکرو ڕوانینی فەلسەفی جیهانبینی خۆیان لەدەست بدەن. تێزێکی وەك مارکسیزم لەکۆمەڵگەی ئێمەدا چەندەلە چوارچێوەی پارت‌و ڕێکخراوی سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا کراو لەپاڵ ڕووداوە سیاسییەکاندا خوێندرایەوە، ئەوەندە ڕەهەندی جیهانبینی‌و ناوەرۆکی فەلسەفیانەی ئەم تێزە هەڵنەسەنگێنراو مامەڵەی لەگەڵدا نەکرا. ڕێکخراوو پارتەسیاسییە ئیسلامییەکانیش، جارێکی دیکە لەگەڵ ڕابوونی ئیسلامیدا ئەوەندەی ئیسلامیان لەململانێیە سیاسی‌و حیزبیدا بینی، بۆئەو لایەنە فکریی‌و فەلسەفیی‌و جیهانبینییە نەگەڕان کە ئەم ئایینە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی. لەمێژووی ئیسلامیدا چەندان بۆچوون‌و ڕوانینی فکریی، وەك موعتەزیلەو ئەشعەری‌و سۆفیگەری‌و چەندانی دیکە دەرکەوتن کەهەر یەکێك لەمانە بەشی خۆیان گەشەیان بەفکرو عەقڵی ئیسلامیدا؛ بەڵام کاتێك ڕابوونی ئیسلامی دێتەسەرپێ مەگەر کۆمەڵێك بیرمەندو نووسەرلەلایەنی فکریی‌و فەلسەفی ئیسلام بدوێن دەنا حیزب‌و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان جگە لە دەرخستنی ڕوویەکی ئیسلامیان ئەویش هەلو مەرج‌و بارودۆخێکی سیاسی‌و ئایدۆلۆژی ڕۆڵی هەبووە لە فۆرمەڵەبوونیدا، ڕەهەندو لایەنی دیکەی نادیارو شاراوەی ئەم ئایینەیان بەدەگمەن زیندوو کردۆتەوە. ئەگەر ئایین‌و فەلسەفە لە هەندێك قۆناغ‌و سەردەمی مێژوویدا، لەململانێدا بووبن ئەوا لە هەندێك قۆناغ‌و سەردەمی دیکەدا لە تەنیشت یەکەوە بوون. زۆر جار زانایانی ئایینی بۆلێکدانەوەی دەقە ئاینییەکان پشتیان بە چەمك‌و بۆچوونی فەلسەفی بەستووەو فەیلەسوف‌و بیرمەندانیش لە کردەی عەقڵگەرایی‌و لێکدانەوە فەلسەفیەکاندا، لە تێزو ڕوانینی ئایینی بەدوور نەبوون.((ئایین، لاهوت سودیان لەدەوروبەر وەرگرتووە، بروا ئیمانی ئایینیش لەلای خۆیەوە کاری لەفەلسەفەو دەوروبەر کردوە))(٤) لەمێژووی ئیسلامیدا لەپاڵ ململانێی دەسەڵات، ململانێی فکریی‌و فەلسەفیش شوێنگەیەکی پێبەخشراوە. دەسەڵاتداران بۆ نیازو مەرامەکانیان، هەوڵیانداوە چەمك‌و گوتەزافکریی‌و فەلسەفییەکان لەگەڵ نیازو بۆچوونە سیاسیی‌و ئایدۆلۆژیەکانیاندا بگونجێنن. ڕابوونی ئیسلامیی ئەوەندە بەرەنجامی هەلومەرج‌و بارودۆخی سیاسی بوو، ئەوەندە بەرەنجامی کێشەو گرفتی فکریی‌و فەلسەفی نەبوو؛ بۆیە لەگوتاری ئیسلامیدا ئەوەی زاڵە بابەتی سیاسی‌و دەسەڵاتخوازییەو کەمتر فکرو ڕوانینی فەلسەفی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ. ئەوانەی بەم ئەرکەهەڵدەستن‌و خەمی فکرو فەلسەفەیانە، زیاتر لەدەرەوەی حیزب‌و ڕێکخراوە ئیسلامییەکاندا ئەم کردەیە ئەنجام دەدەن. دەرکەوتنی بۆچوون ولێکدانەوەی جیا لەوەی ئیسلامی سیاسی بانگەشەی بۆ دەکا لەلایەن ئیسلامی سیاسییەوە بەجۆرێك لەلادان‌و دوورکەوتنەوە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام مامەڵەی لە گەڵدادەکرێ. جەماوەرو زوربەی خەڵکیش زیاتر گوێ لەگوتاری سیاسی‌و حیزبی دەگرێ. ئەوگوتارەی بەهۆی جوڵاندنی هەست‌و سۆزی خەڵك، هەژموونی خۆی بەرجەستە دەکا. گوتارێك ڕێگرە لەوەی خەڵك لەو دیو هەست‌و سۆزو ڕواڵەت‌و دیوی دەرەوە، لایەنی نادیاری ڕەهەندی دیکەی ئەم ئاینە پیرۆزە ببینێ؛ هەر بۆیە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا یەکێکی وەك (ئیبن ڕوشد) لەزێدو وڵاتی خۆی دەردەکرێ‌و کەسێکی وەك غەزالیش، بیروراکانی وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو کاریان پێدەکرێ‌و لادان لەقسەکانی بەلادان لەئیسلام ناوزەد دەکرێ. ڕاستە کەسانی وەك غەزالی‌و زاناکانی دیکەی نێو جیهانی ئیسلام شایانی ئەوەن بیرو ڕاکانیان پەیڕەوییان لێبکرێ؛ بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی پەیڕەوەی لەهەندێکیان دەکرێ‌و هەندێکیشیان دەخرێنە پەراوێزەوە؟ سنووردارکردن‌و لێکدانەوەی دەق‌و قۆرخکردنی بۆچەند کەسێکن تایبەت نییە بەدەقی ئایینییەوە. زۆرجار لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی‌و فەلسەفیش، تاکرەهەندانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.لەم کاتەدا ئەرکی ڕەخنەگرو ڕاڤەکاری داهێنەر ئەوەیە، ئەو سنوورو چوارچێوەیە بشکێنێ‌و لێکدانەوەیەکی دیکە پێشکەش بکاو بەدوای مانای دیکەی نێو دەقدا بگەڕێ. ئەنجامی خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی لێك جیا ئایینەکان بەسەر چەند ڕێبازو تێزو بۆچوونی جیاجیادا دابەش بوون. کاتێك لەمێژووی ئیسلامدا، ڕێبازو تێزێك ویستویەتی بەپاساوی جۆراوجۆرەوە هەژموون‌و باڵادەستی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێ، ئەوا کردەی فکریی‌و عەقڵگەرایی ڕووبەڕووی قەیران بۆتەوەو یەکجۆر ڕوانین‌و بیرکردنەوە لە کۆمەڵگەدا زاڵ بووە. کاتێکیش کەسانی بیرمەندو فەیلەسوف قسەیەکی دیکەی پێچەوانەی قسەی باوو دەستلێنەدراوی نێو کۆمەڵگەیان کردبێ، تۆمەتبارکراون یان ماڵاوایان لەباخچەکانی نیشتیمان کردووە، یان لەپەراوێزێکدا ئەوانەی گوێیان لێگرتوون کەم بوون.ڕێبازو بۆچوونە جۆراو جۆرەکانی نێو کولتوورو مێژووی ئیسلامی بەتەنیشت یەکەوەو بەردەوام لەبەرامبەر یەکدیدا گەشەیان نەکردووە. زۆرجار ڕێبازێك وەك ئەرسەدۆکسی ئیسلامی خۆی ناساندووەو ماوەی نەداوە ئەوی دیکەی بەرامبەری بدوێ؛ بەڵکو سەرکوتی کردووەو خستویەتییە پەراوێزێکەوە، تاکو لەبیربکرێ (محەمەد ئارکۆن)ڕێبازی حەمبەلیزم بەنموونە دێنێتەوە، کە لەسەردەمێکدا برەوی هەبووەو لە سەردەمێکی دیکەدا پشتگوێ خراوە.(٥)لەبەر ئەوەناکرێ دەرکەوتن‌و برەوپێدانی ڕێبازێك والێکبدرێتەوە کە لەوانی دیکە زیاتر ئەرسەدۆکسییەو لەناوەرۆکی ئیسلامەوە نزیکەو ئەوانی دیکە بەپێچەوانەوە؛ بەڵکو دەبێ دان بەوەدا بنرێ، کەهۆکاری جۆراوجۆرهەن بۆ برەودان بە ڕەوتێك‌و چەپاندن‌و پشتگوێخستنی ڕەوتێکی دیکە. ئەوەی زیاتر لە وەرچەرخان‌و بزاوتە ئیسلامییەکاندا ڕەنگی داوەتەوەو بووەتە گوتاری باڵادەست ئەو لایەنیە کەبەشێکە لە خەیاڵگەی جەماوەری موسوڵمان. ئەو جەماوەرەش کەمتر دەیەوێ لەوەی دەبیبیستێ‌و بۆی باسدەکرێ تێپەڕێنێ‌و دیوی شاراوەو نەبینراوی دەقەکان ببینێ. بەدرێژایی مێژووی فکرو فەلسەفە ئەوانەی هەوڵیانداوە کردەی تێپەڕاندن‌و بەجێهێشتن ئەنجام بدەن، کەسانێکی کەم بوون‌و ئەوانەی گوێشیان لێراگرتوون‌و بوونەتە جەماوەری دەستەبژێر بە هەمان شێوە کەم بوون. ئەمە تەنها بابەتی فکریی‌و فەلسەفی ناگرێتەوە لەئەدەبیشدا ئەم حاڵەتە دیاردەیەکی دیارو بەرچاوە.جەماوەری شیعری ناڵی جیایە لە جەماوەری شیعری عەلی بەردەشانی. ئەفلاتون دەڵێ:((ئەوانەی وا عاشقی چاولێکردن‌و گوێگرتنن، تەنها چێژ لەدەنگ‌و ڕەنگ‌و قەوارە جوانەکان‌و هەر شتێك کە لە ئەمانە پێکهاتبێ. دەکەن بەڵام روحی ئەو کەسانە تواناى دیتنی خودی جوانی وەك ئەو جوانییەی نییەو بۆیە ناتوانێ چێژیش لە بینینی بکا))(٦)

پەراوێزەکان:

١= شوناس و ئاڵۆزی. مەریوان وریا قانیع.چاپخانەی ڕەنج.سلێمانی ٢٠٠٤لا١٤٥.

٢=أدونیس. الثابت والمتحول ،بحث فی الابداع والاتباع عندالعرب.الجزءالثالث.دارالساقی.الطبعةالخامسةص١٧

٣= امیل .جان جاك روسو.ترجمة ْ.غلامحسین زیرك زادة.ضاث دوم.١٣٨٢ص٣٣

٤= فەلسەفەولاهوت لەسەدەکانی ناوەراستدا.د.حەمید عەزیز.سلێمانی ٢٠٠٦لا٦٩

٥= مێژوویتیی هزری عەرەبیی ئیسلامی.محەمەد ئارکۆن.وەرگێرانی.نەریمان تالیب.هەولێر.٢٠٠٦لا١٤٤

٦=ئەفلاتون.وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە.سۆران عومەر حەمە.ڕێبوار قارەمانی.مەهدی حەسەن چۆمانی.هەولێر.٢٠٠٦لا٢٦٦

## مەلا سەلام حەیدەر:

# نابێت بیر لەوە بکەینەوە حکومەتێکی وەکو ئیسرائیل، ڕەفاقەتی نەکەین تەنها لەبەرئەوەی خیلافی قورئانە



مەلا سەم حەیدەرخۆشناو ناسراو بە مەلا سەلامی بێتواتە، لەماڵەکەی خۆی لەسەر جێگادا کەوتبوو، دەمانزانی نەخۆشیەکی کوشندە تەنگی پێ هەڵچنیبوو، هەموو چرکەیەکی لەبەردەم مردنێکی ئەبەدیدا بوو. کەچووین بۆلای دیاربوو لەسەر جێگا کەوتبوو، ئەو نەخۆشی شێرپەنجەی هەبوو، کورەکەی کەناوی مامۆستا عەلی بوو گوتی باوەڕناکەم بتوانێ قسەتان بۆبکات چونکە زۆر لەمردن نزیك بۆتەوە لەوانەیە بەم زوانە بمرێت، لەو کاتانەدا بوو مەلا سەلام بەژوور کەوتو بەخێرهاتنی گەرمی کردین، بەشێوازێك لەوکاتەدا وات هەست دەکرد کە ئەم پیاوە هەر نەخۆشیش نییە، ئەفسوس دوای ماوەیەکی نزیك بەسەر تێپەڕینی ئەم دیدارەدا گیانی لەدەستداو بەجێی هێشتین، لەگەڵ خۆیدا دنیایەك نهێنی گرنگی لەسەر میللەتی کورد بردە ژێر گڵەوە، هەرچەندە لەماوەی تەمەنیدا هەندێك لە بەرهەمو نووسینە ناوازەکانی خستە ناو کتێبخانەی کوردی، بەڵام باوەڕمان وایە کە ئەم پیاوە، خاوەنی زەخیرەیەکی گەورەی مێژوویی بوو کە تا مردیش دەرفەتی ئەوەی بۆ نەگونجا ئاواتەکانی بۆ ئاشکراکردنی کونو کەلەبەرەکانی ناو مێژووی ئەم میللەتە بهێنێتەدی.

مەلا سەلام وەك ئەوەی بزانێت کەدەمرێتو عومری لەکۆتایی نزیك بۆتەوە دوای بەخێرهاتنمان جگەرەیەکی پێکرد، لێمان پرسی تۆیەك کەنەخۆشیت باشتر وایە خۆت لە کێشانی جگەرە بەدوور بگریت، چونکە ئەم نیکۆتینە بۆتۆ خراپە کە لەناو جگەرەکەدا هەیە. ئەویش بێ سێو دوو هاتە گۆو گوتی: برادەرێکم هەبوو، چوو بۆلای دکتۆرێکی برادەری، ئەویش پێی گوتبوو، نەخۆشیەکەی تۆ تەنها هۆکەی جەگەرە کێشانە، هەندێ حەبودەرماناتی دابۆیە.. دواتر چوو بۆلای دکتۆرێکی دی، گوتی ئەویش هەر وای گوت.. گوتی مەلا سەلام بەو قورئانەی تۆ دەیخوێنی من لە ژیانی خۆمدا جگەرەم نەکێشاوە. بەڵام باوەڕ بکەن جگەرە راستە خراپە بەڵام بۆشتێکیش باتە ئەویش ئەوەیە نەخۆشی گولی دەبات. دواتر سەبارەت بە ئەزموونی سیاسی خۆی گوتی.. من لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان کارم کردووەو ئەندامی یازدەهەم بووم لەو کۆمەڵەیە، لە حزبی هیواو رزگاری بەشداریم کردووە، حزبی تەعالیو تەرەقی کوردستانی تورکیا بەواسیتەی (ئیسحاق مەسکۆنی)کە ناوی خوازراویەتی بەشداریم کردووە، ئەحزابی نیشتیمانی سیاسی لەهەموویان بەشداریم کردووە هەروەها من سالّی ١٩٧٤- ١٩٧٥ لە لایەن بارزانیەوە کرام بە بەرپرسی لق لە کرماشان لەکاتی نسکۆکەدا، بەڵام شتێك هەیە پێویستە بیزانین ئەویش ئەوەیە، یەکەم هەڵکەوتەی وڵاتی کوردستان لە ناحیەی جوگرافی، لێ ناگەڕێت ئازاد بێت، سایکس بیکو دابەشی کردین، تورکیاو سوریاو ئێرانو عێراق، هەریەکەی هەندێکیان داگیرکردووە، ئەگەر رۆشنبیرانی کورد داوای مافی راستەقینەی خۆیان بکەن، وەڵامیان چییە، وەڵامیان ئەوشیعرەیە کە مامۆستا( کەیفی) تورکیایی کاتێك دەیبەنە بەر پەتی سێدارە گوتی:

دوێ شەوێ گریام هەتا رۆژ
من بەسۆزو زارەوە
مەحکەمەی مەنحوسی ئیسقلال
بەبیرم هاتەوە..
ریزیان لەبەرچاوی منا بەستبوو..
گشتیان هەموو
ئەو شەهیدانەی.. کە خنکاون بەسەد
ئاواتەوە.
خوێنی شێخ قادر وەکو خوێنی
شیاوەیس دێتە جۆش
خوێنی پاکی سمایلاغا..
عالەمی هێنایە جۆش.
جا ئێوەش قوربانی ئێوە..
چیدی ژێردەستی مەکەن.
هەڵگرن بەیداغی غیرەت دوژمنان
وەدەر بکەن.
باعیسی پێشکەوتنی ئێوە هەمیشە
خوێندنە
ئوتلبو عیلمە وەلەو بل سینی بورهانی
منە.

ئەمە وەڵامی میللەتی کورد بووە کە لەسەر مافی خۆی دەرکراوەو بۆتە کۆیلە. ئینجا مامۆستا کەیفی لە کۆتایی شیعرەکەیدا دەڵێ..

هاتە گوێم دەنگێ لەغەیبا
زۆر بەسۆزو زارەوە
دەنگی کوردانە لە تورکان..
وابەسەرسێدارەوە.
وا ئێرانیش خوێنی کوردی خستە ناو
بازاڕەوە
عارەبیش داینا قەسابی قەومی کورد
لەم شارەوە
قەومی کورد نایە بەدەم هاوارەوە...

ئەوەی گوتو لە سێدارەدرا، ئەم پیاوە تا ئێستا هیچ رۆژنامەیەك هیچ گۆڤارێك لە عێراقو لە سوریا ناوی نەهێناوەو باسی نەکردووە، ئەم پیاوە (مامۆستا کەیفی) لە عەشیرەتی " گەڕگەڕی" بوو لە کوردستانی باکور لە سالّی ١٩١١ کە تا ئێستا باسی نەکراوە.. قوربان زروفی سیاسی ئێمە ئەمڕۆ لە خەتەردایە، ئەگەر بێتو سەرۆکەکانو رۆشبیرو شاعیرو نووسەرەکانمان، داوێنی خۆیانی لێ هەڵنەکەن، شتەکەمان لەدەست چووەو وەکو کۆماری مەهابادمان لێدەکەن، چونکە هەموو کەس دەزانێ ئەمەریکا، تەنها بەرژەوەندی خۆی دەوێ، وەکو روسیای کە شیوعیەتی بە نیزامێکی راقی دادەنا لە دژی ئیستعمار، بزانە ئێمەی گەیاندە چڵە پۆپەو لەپشتەوە بەریداینەوە،

وەکو کۆماری مەهاباد. تاکە ڕێگە ئەوەیە خوێندەواری کە بڕبڕەی پشتی میللەتە لەگەڵ یەکێتیو برایەتی..وەکو چۆن حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

بەسەرگردی سەپانتان حاتەمی تەی
بەقوربانی شوانتان ئالی بەرمەك.
لەبەر حیزا بخۆییو ناتەبایی
لە ژێر حیزی حیزان بووی ناو بەدۆشەك.

ئێمە نابێت بیر لەوە بکەینەوە، لە ئاساری دیانەت، حکومەتێکی وەکو ئیسرائیل، ڕەفاقەتی نەکەین تەنها لەبەرئەوەی خیلاڤ قورئانە، ئێمە گەر شەیتانیش هاوکاریمان بکات دەبێت دەستی بۆ ڕابگرین. بەهەمووولایەك بەرژەوەندپەرستیو دووبەرەکی دەبێت فڕێ بدەین، بەداخەوە کە دەبێت بڵێم کە میللەتی کورد لە ٩٩٪ ی دژی سەرکردەکانە بۆ وایە .. هەیە دێت قەسرێك دروست دەکات بە ١٠٠ دەفتەر، میللەتی قوربەسەریش تێداچووە، تا ئەو شتانە لەناومان بمێنن ئێمە مەترسیمان لەسەرە، بەلاَم گەلێکی پاكو خاوێنودەستو زمانو دامەن پاك، کورد بۆخۆی درووستی بکا، ڕۆشنبیرانو نووسەران، هەروەها دۆستایەتی شعوبی عالەم بکاتو گوێ نەداتە ئەوەی کە ئەوان بێ دینن یان نا، کورد تەنها لەو شتانە قازانج دەکات. مەلا سەلام دواتر دێتە سەر عیلاقاتی خۆی بەسەرکردەکانەوە لەماوەی ئەزموونو تەمەنی خۆیەوەو ئیعجابو خۆشەویستی خۆیان بۆ هەندێکیان بەم شێوەیە دەردەبڕێتو دەڵێت: لەکوردی خوارو زۆرتر (ئیبراهیم خانی دەلۆ) کە مرۆڤێكو کوردێکی ڕاستگۆبوو. لە خوێندەواریش( ئیبراهیم ئەحمەد) لەهاندانی خەڵکیشدا( شێخ سالحی هەولێری) کەسایەتی بارزانیش لەلای من نیتاقێك بوو ئەو نیتاقە، دەوری گیرابوو، بلاَونەبوو لە کوردستان، حکومەتی عێراق پارەی دایە هەندێك لەکۆلکە مەلایان بۆ ئەوەی فتوا دەربکەن کە بارزانییەکان کافربوون، وەکو خورشیدیەکان، هەرچەندە خورشیدیەکان لایان دابوو کە ئێستاش هەروانە، بەلاَم مەلا مستەفای بارزان بەحەقیقەت با پێتان بڵێم چونکە ئەوە ڕەئی خۆمە، یەکەم کەس بوو کوردی بە عالەم ناساند، کەوا بیری کوردایەتی کردەوەو بەزەیی بەم میللەتە قوربەسەرو خاك لێ سەندراوەداهات. لەدوای مەلا مستەفای بارزانیش ( شێخ بابۆ) کە برای مەلا مستەفا بوو، ئینسانێکی زۆر لێهاتوو عاقڵ بوو، ئینجا، وەهاباغای مێرگەسەری، ئەو شەخسیاتانە لەلای من بژێردراو بوون لەناو عالەمدا، ئەمە ڕای فەردی خۆمە. مەلا سەلام لەسەر ڕووخانی ڕژێمی بەعسو ئاشکرابوونی هەندێك لەمەلەڤ بەرپرسانو ئەو قەڵەمانەی کە پەیوەندییان بە بەعسەوە هەبووەو بە قەڵەمەکانیان بەبالاَی ئەو ڕژێمەیاند هەڵگوتووە وەکو ئەوەی کە ئەویش شیعری بۆ سەدام گوتووە، گوتی: باوەڕم وایە، ئەوکەسانەی کە ئەوەیان کردووە، دوو هۆکار هەیە، یان ئەوەیە بە مادده فریودراون، یان بە مەنسەب، حەقی خۆیەتی ئەو ماددەو مەنسەبەیان لێ کەم بکەنەوەو بەهەمان شێوە یارمەتی نەدرێن، فەرقو جیاوازیان هەبێت لەگەڵ! شەهیدی سەنگەر، چونکە فەرقو جیاوازی هەیە ( کوێرو چاوساغ وەکو یەك نییە) کەسێك چەکی خیانەتی هەڵگرتبێ ناگاتە کەسێك لە شاری نەغەدە سێوی بەکرێ لێکردبێتەوە لەسەر کوردایەتی، بەبڕوای من جیاوازی زۆرە، ئەوانەی مستەشاڕبوونو لەبەعس نزیك بوون، ئێستاش لە دەسەلاَت دانە. بەلاَم ئەوەی من، وەختی خۆی کە چوومە مقابەلەی سەدام، قەسیدەیەکم داناوە، تەنها ئەوەی کە ڕۆشنبیربێ تێدەگات کە من چیم گوتووە، من گوتوومە..

سوێندم بەداری خورماو بەڕوو
لە ئەشکەوتانو سەحرادا میللەتی عێراق بەچکە شێرە.

هەر نیوە شیعرێك کە بەس جەلال تالەبانی تێی گەیشتبوو پێنج سەعات متابەعەی قەسیدەکەی منی کرد، گوتبووی ئەوەی سەلام گوتوویەتی ئێمە تێی ناگەین، نیوە شیعرێکی بۆ کوردە نیوەکەی دیکەشی بۆ عەرەبە. باسی ئەشکەوتوو سەحرام کردووە، باسی داری بەڕوو داری خورمام کردووە، باسی ئاوی ڕاوەستاوو ئاوی جانیم کردووە، باسی قاسپەی کەوو دەنگی کۆترم کردووە، ئەوەی کەوا بەشێکی بۆکوردبێت بەشێکی بۆ عەرەبە، کاکە من لەتەمەنی پازدە ساڵیەوە عاشقی ئەو میللەتە قوربەسەرەم، من خەریجی زانکۆی کوردستانم، هیچ کاتێکیش وەکو هێمن دەڵێ ( خاکی وەتەن بستێکی نادەم بە قەسری قەیسەری)، بەلاَم یەك شتیش هەیە، شاعیری نیشتیمانی دەکرێت بۆ بەرژەوەندیەك لابدات، وەکو (محمد مەهدی جەواهیری) شیوعی بوو، قەسیدەیەکی بە ( عبدول ئیلاه)دا هەڵداوە بۆ نموونە. خواش لە قورئانا دەفەموێ( شاعیرەکان کابرایەکی نەزان بەدویان دەکەوێ) ئەوەی شاعیرەکان دەیڵێن عەمەلیان واننییە، من خاكو ئاوو میللەتی کورد بە پیرۆزترینی ولاَتانی دەزانمو بەلێنیشم داوە هەتا ماوم خزمەتی ئەو میللەتو خاکە بکەم، بەڕاستی ئەوەش بڵێم، چوونی من تەقریبەن پەیوەندی بە فشاری (ئەنور بەگ)ەوە هەبوو، چونکە من دووسێ کوڕم عەسکەربوونو ڕەوانە دەکران بۆ شەڕی ئێران، ئەوەش هۆکارێك بوو بۆ ڕازی بوونم. خەبەر بۆ میرانی ئەنور بەگ هات، کەوا دەبێت مواجەهەی سەدام بکات، ئەویش داوای لێکردمو گوتی دەبێت بێیو قسەش بکەی، من کەڕۆیشتم بۆ لای سەدام، بە فشاری ئەنوربەگو بەرژەوەندی ئەو مندالاَنەم چووم، تەبعەن من نەك ئێستا هەر ئەوکاتیش پەشیمان بووم لەو کارە.

هەروەها من بەشیعر گوتوومە: (سەدام بۆ عەرەب گرنگە دیوارو خانووە). ڕاستە من شیعرم بۆ سەدام گوتووە بەلاَم من تا ئەو جێگایە لەو شیعرە پەشیمانیم کە سەدام نەورۆزی کردە ڕەسمی بۆکورد، ئەوندەی کە بەعس خزمەتی کوردی کرد، هەرچەندە کارتۆن بوو هەر باش بوو، نەورۆزی کردە ڕەسمیو حوکمی زاتی داینێ، ماڤ خوێندنی دایە، حکومەتەکانی ڕابردوو ئەو شتانەیان نەکرد. ئەو لەبەر تەنگەنەفەسیو نەخۆشیەکەی خۆی زوو زوو بازی لە مەسەلەکەدەداو پێی دەگوتین بەسە من ماندوو بووم بەلاَم دواتر جگەرەیەکی دیکەی دەکێشاو دەستی پێدەکردەوە، ئەم جارەیان خۆی لەم بابەتە شاردەوەو هاتە سەر مەسەلەی کەرکوكو گوتی:مەسەلەی کەرکوك ئەوەیە، تورکیا، ئێران، هەروەها نەوتی عالەمی دەولی، عەرەبەکانی عێراق، کوێتو سعودیەو هەموویان دژی ئەوەن، ئەمەریکاش هەموو ئەو بەرژەوەندیانەی عەرەب نافەوتێنێ، دەنا بەخۆشیو شادی ڕۆژێك لە ڕۆژان کەرکوك نایەتەوە سەر کوردستان، بەلاَم بە زەحمەت یان بەحەق پێموایە وەرگیرێتەوە.

## بابەتاهیری هەمەدانی

بابە تاهیری هەمەدانی کە کوردەو لە کوردی لوڕ، بابە تاهیری هەمەدانی چەند ڕەفیقێکی هەبووە، یەکیان ناوی (نزامەدین، نورەدین، سەیفەدین... )هەمووی دین دین بوو، هەشت کەسی دین دینیان تێدابوو، پیاوێکی چاك بوون موتیع بوو بۆ خوا، لەسەر مەزهەبی ئەهلی حەق بوو، وەکو موعتەقەدی بابەتاهیری عوریان، بەناوی ( تەریقەتی مەلا مەتیریا، کە فەرعێکە لە تەرقەتی نەقشبەندی) ئەم نوورەدینە عالەمی لێ کۆبۆوە، هەندێك کەس دێهاتیان دایەو هەندێکی دیکەش زەویان دایە، خانەقایان بۆ درووست کرد، ئێستاش تەکیەکەی لە دەشتی شلێرە کە لەخواری سەردەشتە ئاسەواری ماوە، لەخواری گۆمی چەلیان کە مەحمەرو برایم شەڕیان لەگەڵ میرزۆرابخانی مامیان کرد، بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار، لە تایەفەی سەیفەدینیەکانو ئۆمەربلیەکان ئیتاعەی نورەدینیان کرد، هەتا عەشیرەتی نوردەین دەشتی شلێری هەموو داگیرکرد، ولاَتی سەوزە چیاشی لە سوێسنیانی هەموو داگیرکرد، هات بۆ نەمەر، پشدەر ناوی نەمەر بووە، لەوێش هەندێك شوێنی داگیرکرد، بەلاَم ئەو بەزۆر هیچ شوێنی داگیرنەدەکرد، بەلکو بەخۆشی بوو، تا وەچەو نەوەی لێکەوتەوە.. ئەمە تەفاسیلی گەلێك درێژە، نورەدینیەکان لەو مەلا نورەدینەن کە یەك بوو لە ڕەفیقەکانی (بابەتاهیری عوریان)، شوێنی ڕاستەقینەشیان (ئیسفەهان)بووە نورەدینیەکان، ئاکۆراس بنەئامۆزانە، ئاکۆراسیش ڕەئیسی ئاکۆیەکانە، واتە نورەدینیەکان بن ئامۆزای ئاکۆیانن. فاتمە لیرەش ژنی مەلا نورەدین بووە.

## مەلا سەلام و قامووسی گەڕۆك

یەكێك لەوشتە سەیرانە كە دەیگێڕایەوە ئەویش سەردانی خۆی بوو بۆلای د.بەرهەم ساڵح و دەیگوت..چوومە لای دكتۆر بەرهەم نزیكەی بیست دەقیقە دانیشتم، هەستام گوتم دەڕۆم، گوتی دانیشە.. ئەوكاتەی كە سەرۆكی حكومەت بوو، گوتم جەنابی رەئیس ئێرە چایخانە نییە، گوتی دانیشە.. ئەو بە ئینگلیزی تەلەفۆنی دەكرد لەگەڵ دەرەوە، دانیشتمەوە نزیكەی بیست دەقیقە، هەستامەوە گوتم دەڕۆم گوتی دانیشە، ئەوكات جەمالی حەكیماغا لەوێ بوو ئەویش رۆیشت، ئەرسەلان بایزو كچێكی دیكەشی لێبوو ناوی دلدار بوو ئەویش رۆیشت و دكتۆر بەتەنها مایەوە، لەناو چەكمەجەیەكی گەورەی پشتەوەیدا كتێبێكی دەستنووسی گەورەی هێنایەدەرەوەو گوتی ئەم كتێبە هەموو شیعری شاعیرانی كوردە بەدەستنووس نووسراون، گوتی بزانم دەزانی ئەوشیعرە هی كێیە، گوتم دەی بیخوێنەوە بزانم، گوتی دەزانم كەتۆ دەزانی هی كێیە، گوتم چۆن دەزانی كە دەزانم؟ گوتی باوەڕم وایە بیزانی، گوتم دەی.. ئەویش شیعرەكەی بەم شێوەیە دەستپێكردو گوتی.." برایانم بزانن شەو چ وەختە.. كە بولبول عاشقی دارو درەختە" ئەو ئەوەندەی خوێندەوەو من هەموو قەسیدەكەم بۆ تەواوكرد، لەو كاتەدا ئەو بەسەر سوڕمانەوە سەری باداو پرسی ئەمە هی كێیە؟ منیش گوتم، ئەمە شیعری مەلا عومەری بێتواتەیەو(٣٠٠) ساڵ پێش ئەمرۆ لە بێتواتە بووە شاعیرێكی ناوداربووە، عالمێكی موتەقی بووە، لەسەر مەسەلەیەكی شەرعی لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتێك بەینیان تێكچووەو دەركراوەو چووە بۆ ولاتی شام و لەوێ وەفاتی كرد، ئەمە شیعری ئەوە. دكتۆر بەرهەم گوتی وەڵلاهی حەق وایە لەقەبی قاموسی گەڕۆكت بدەینێیەو لە رۆژنامەكانیش ئەمە بلاوبكەینەوە، منیش گوتم ئەوە موهیم نییە بەلای منەوە. ئەو پرسیاری لەمن كرد گوتی سەدام بەلای تۆوە چۆنە، منیش گوتم سەدام كابرایەكی شەهمە گوتی بۆ، منیش گوتم بۆ میللەتی خۆی كابرایەكی زانایەو بەغیرەتە بەس بۆ میللەتی خۆی، چونكە هەر كەسێك میللەتی خۆی خۆش نەوێت، خواش ئەو كەسەی خۆی خۆش ناوێت، بەلام لەسەر ئەوەش، كابرایەكی چاوچنۆكەو شۆڤێنیە، لە حەقیقەتیش و ئەسڵیشدا سەدام كورد بووەو بابانیشە، ئەم راستیە لە كتێبی(خونچەی بەهارستانی حوسێن حوزنی موكریانی)دا باسكراوە.

## عێل بەگی جاف

دواتر دێتە سەرباسی شاعیرێكی ناوداری كورد كە پێنج سەد ساڵ پێش ئەمرۆ ژیاوەو پێشبینی زۆر شتی كردووە كە ئێستا هاتوونەتە دی بەناوی(عێل بەگی جاف)كە ئێستا بە شاعیری پێشبینی ناسراوەو بەكورتی بە شیعرێكی ئەو دەستی پێكردوو گوتی.. تەیری ئاسمان ئاسن دەبێ.. شەوی تاریك رۆشن دەبێ.. هەروا بووەو هەروادەبێ.. ئایا ئەمە تەیارە نییە كە ئەو باسی دەكات، ئەمە شیعری عێل بەگەی جافە كە پێشبینی تەیارەی كردووە، من ئەم كتێبەم هەبوو بەلام سێ ساڵ پێش ئەمرۆ كاك مەسعود بارزانی لێی ستاندم، كە عەلی بۆرەكەیی كۆی كردبۆوە. هەروەها دێتە سەر ئەوەش كە كاتی خۆی قورئانی تەفسیر كردووەو دواتر لێی ون بووە، گوتی: من قورئانم لە حەفتاكان تەفسیركردبوو كە بریتی بوو لە چوار مجەلەد، خەریكی ئەوە بووم كە جەلدەكەی دیكەی تەواو بكەم، بەلێنیان بە مەلا مستەفای بارزانی دابوو گەر تەواوم كرد بۆمی چاپ بكەن، كتێبەكەم لێ فەوتا، دواتر گوتیان فاخیری وەهاباغای مێرگەسۆری بردوویەتی بەلام دواتر نازانم چی لێهات بزربوو.

## بانگەشەی گەڕانەوە بۆ ئایینی زەردەشت و داستانی حەزرەتی ئیبراهیم لە كوردستان

دواتر لەبەرامبەر پرسیاری ئەوەی كە هەندێك كەس هەن بانگەشە بۆ گەڕانەوە بۆ ئاینی زەردەشتی دەكەن و دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئەسڵی ئەو ئایینەی كە پێش ئیسلام لە كوردستاندا هەبوو، ئایا ئەمە گونجاوە.. مەلا سەلام دەڵێ: لەسەردەمی شێخ رەزای تاڵەبانیدا پیاوێك هەبوو بەناوی مامە حایەو چایخانەیەكی هەبوو زۆر پاك و خاوێن بوو، رۆژێك شێخ رەزا بەبەردەم چایخانەكەیدا دەڕوات حایە دەچێت دەستی لەمل دەكات و پێی دەڵێت هەردەبێ بێی چایەكم لەلا بخۆی، ئەویش دەڵێ حایە من نەهاتوومە چایخانان، ئەویش دەڵێ دەبێ هەر بێی.. لەو كاتەدا دادەنیشێت و حایە دەڵێ من پرسیارێكم هەیە لەوكاتەدا بیكەم پێت ناخۆش نییە، شێخ رەزاش دەڵێ فەرموو خودا لە قورئانی ئێوەدا فەرموویەتی(وكلم الله موسى)خودا قسەو گفتوگۆی لەگەڵ موسا كرد، كوا محمد قسەو گفتوگۆی لەگەڵ كراوە؟ شێخ رەزا گوتی.. حایە خوا خۆی پێشانی موسا دا یان نا؟ گوتی نا، لەو كاتە ئەو شیعرەی گوت: محمد دیدەن و موسا شنیدەن..شنیدەن كەی بدودمانن دیدن. محمد زاتی خودای دیت لە میعراج، بەلام موسا بیستوویەتی، بیستن و دیتن كەی وەكو یەكە. ئەوجا ئێمە لێرە، تاتی خورشیدو خاوەرمان هەیە، جێی حەرەسی حدودی خاوەرمان هەیە، بەردی خوبیارمان هەیە، كانی زێڕنێوكێمان هەیە، كانی بی بەكورمان هەیە، مزگەوتی مام برایمان هەیە، تەپكی سارا خاتوونمان هەیە، دۆڵ نارانمان هەیە، گردی مام غەریبمان هەیە، هەموویان بەڵگەنە، یەكێكی وەكو (عەبدولرقیب یوسف) دەڵێ شتەكانی تەواو نییە چونكە سەرچاوەی نیە، بابەگیان ئەو هەموو دیتنە هەیە، تەقریبەن من (٥٠) سەرچاوەم بە نموونە هێناوەتەوە.

هەندێك دەڵێن ئیبراهیم كوڕی مێژووە بەلام وانییە ئەوە عەرەب وادەڵێ، هەندێكیش، كوڕی ئازەرەو ئازەریش كەلیمەیەكی كوردییە، لەبەر ئەوەی پێیان گوت ئازەر، چونكە كاتێك لەسەر( نۆرێ) بتی درووست دەكرد دەیفرۆشت، بەربۆوەو قاچی شكاو، كاتێك قاچیان بۆ هەڵبەستەوەو پرسیاریان لێدەكرد دەیانگوت چۆنی دەیگوت ئازارم هەیە، دواتر ناوی ئازەری بەسەردا بڕا، هەندێكیش دەڵێن ئازەر ئاگرە، هەندێك پێیان وایە ناوی بتێكە، بەلام ئێستا پاشماوەكانی ئێستا لە ماكۆك ماون و جێگای بت درووستكردنیشی ماوە لەگەڵ جێگەی دانیشتنیشی، لە پشتی شاخی نورێنە، شوێنێكی تریش لەسەرەوەی چیوەو چیوان هەیە، پێی دەڵێن( رفت و گفتی) ئەمیرێكی كوردی لێبووە، لە ژێردەستی ئێرانیەكاندا بووە لە سەردەمی ساسانیدا. باسی لەوەش كرد كە پادشای (دانیكۆر) ئەسڵی خۆی سوێسنیە، دواتر نورەدینیەكان هاتن دێلیژەی بەری مەرگەیان داگیركردو دواتر هاتن بۆ مەنتیقەی نورەدینی ئێستا لە پشدەر. هاتەسەر گەلێك شتی گرنگ لەسەر بابانیەكان و گوتی: بابانی میللەتێكی سەربەخۆنە، بەلام بۆچی پێیان دەڵێن بابانی(قەیغان) خێزانی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیە كە رووسی بوو، كە سولێمانی بەخێو دەكرد كوردی چاك نەدەزانی و دەیگوت بەبە بەبە با، لەوە بابان هاتووە هەندێك كەسی دیكەش دەڵێن بابان یەعنی پیاوانی ئایینی، یان پیرۆت یەعنی دیندار بەزمانی كوردی. هۆشەنگ یانی زەردەشتی موكریانی، چونكە زەردەشت ناوی هۆشەنگە مەسەلەن، ئاخیر زەردەشت گوتوویەتی، داری قەبرەستان مەبڕن، ئاوو گڵ و بابا پیس مەكەن، ئازادی بدەن بەژن و مەیانكەنە كۆیلە، چونكە ئەوانیش شەریكی ژیانتانن، مەبن بە چاوپیسی جیرانتان، چونكە دەبیتە گورگی كۆمەڵ، یارمەتی زۆرداران مەدەن چونكە تۆش دەبی بە هاوبەشیان، ئێستاش شوێنكەوتوویان زۆرە، بۆ نموونە لە(پترۆسگراد) لە رووسیا هەنە، ئەوانە لەسەر ئاینی مەهابادن و كوردیشن، ئێمە چەند دینی ئاسمانیمان هەیە، وەكو نەسرانیەت، یەهودیەت، ئیسلام، زەردەشتیەت، ئەو دینانە، لە بنچینەدا هەموویان یەكن، هەموویان ریسالەی ئاسمانین، بەلام لە هەندێك فەرعدا جیاوازیان هەیە ئەویش بەپێی زەمان، لە زەمانی حەزرەتی (محمد) سلاوی خوای لێبێت شەراب دەخورایەوە، مەسەلەن عەلی كوڕی ئەبو تالیب و ئیمامی هەمزە كە مام و برازابوون، ئەوەندەیان شەراب خواردبۆوە، هەردووكیان بە قاچە حوشتر لێكیان داوە، بەلام دواتر خوا فەرمووی: لە وەختی نوێژ شەراب مەخۆن، لە دواتردا حەرامی كرد، بەڵێ ئێمە لە وەختی خۆی وەكو (هێرۆدێت)ی یۆنانی و هەروەها زانایەكی دی كتێبێكی هەیە بەناوی (قصه الحچارات)



ئـەویش یۆنانیـەو ناوەکـەیم لـەیاد نییـە، ئاگاداربن مـن باسـی ئـەو کتێبـە دەکـەم کـە یۆنانییـەو زۆربـەی زۆری لـە (ئاڤێستا) وەرگیراوە، دەنا دوو نووسەرو دوو کتێب بەو ناوە هەیە من مەبەستم یۆنانیەکەیە، راستە ئێمە زەردەشتینو باوەڕیشمان هەیـە بـە ئایینی ئیسلامو یەهودو نەسرانیەت، چونکە هەموویان لەلایەن خوداوە هاتوون، خودا لە ئینجیلدا نەیگوتووە عیسا کوڕی منە، ئێستا دەیکەنە کوڕی خۆیان، ئاینی ئیسلام کەهات، هەرچی مەکارمی ئەخلاقە، کۆی کردەوە لە هەموو دینەکانو خستیە ناو قوتوی ئیسلام، دەنا هەموو دینەکان هەر یەکن، بەڵێ راستە ئێمـە زەردەشـتین وەکـو کـورد، شـازدە پێغەمبەری زەردەشت هاتوون، بەڵام دواین زەردەشت کێیە؟ هۆشـەنگی موکریانی، یان بەسەسـێری موکریـانی، دوو را هەیـە هەریەکـەو یـەکێك بـەو ناوانـەی دەزانـێ، دایکـی تورکـەو نـاوی(دوغ دووە)لـە گەوهەریەکەی حوسێن حوزنی موکریانیشدا هاتووە لەگەڵ زۆر سەرچاوە، لەکتێبێکی مامۆسـتا ئەحمـەدی سـاجانیو کـوردو کوردستانی ئـەمین زەکـیو...تاد هـاتووە.

هـەروەها گوتـی: حـەزرەتی ئـیبراهیم، لەکلکەی نـەمرود بـووە لـە شـاری تاقۆلان بووە، پادشایەکی لێ بووە ناوی (داشانشا) بووەو پێیان گوتووە (نـەمرود) لـە تـەورات ئیسحاقی٢٢ باسـی دەکـات، کـە ئیبراهیم لەگـەڵ ئـەوپیاوە کەوتـە کێشە لەسـەر تەوحیدی ئیلاهی، کاتێ بۆ جەژنی نـەورۆز خـەڵك چوونە دەرەوەو دواتـر ئیبراهیم گەڕایەوەو گوتی من نەخۆشمو هاتە بتخانە کە لەسەر ڕێگای سەروچاوە بووە، هەموو بتەکانی شکاندوو، خواردنەکەی وەرگێڕا، بۆ سبەی کاتێ لە جەژن گەڕانـەوەو ویستیان خواردنەکـە بخۆن، پرسـیان کـێ وای لـە خودای ئێمە کردووە؟ بی بی، کە کچێکی کـوردە لـەوێ کاهینـە بـوو، لـە کونجێکی بوتخانە خۆی شاردبۆوەو ئیبراهیمی دیتبوو، بی بی گوتـی.. گـەنجێك وای لێکرد کـەناوی (ئیبراهیم)ە، داشانشا شـای تاقان لەقـەب نـەمرود، فەرمانیـدا کـە مەنجـەنیقی بـۆ بکەنـەوەو ئیبراهیم بسوتێنن بـە ئـاگر تـا یارمـەتی خوایەکانیان بدەن، ئێستا شتێك هەیە داری پێدەشکێننو پێی دەڵێن(بیور) ئەم بیورە لە چیەوە هاتووە؟ بێگومان کاتی خۆی کە ئیبراهیم بتەکانی شکاند بتی هـەرە گەورەکـە نـاوی(بێـور)بـوو، کـە بەزمانـی میدیای کۆن بێور بە مەعنای باڵا یان بـەرز دێت، ئـەو چـوو تەبشوێیەکەی لەسەر ملی بێورکەی داناو شکاندی، کاتی خۆیشی بـە بیـوری ئێـستایان گوتـووە (جـەدوم). ئیبراهیمیـان بـرد بـۆ مەحکەمـە ئـەوکات داشانشا گوتی، بۆ وات لـەو بتانـەکردووە؟، ئـەویش گوتـی.. ئەگـەر زمانیـان هەیـە، پرسـیاریان لـێ بکـەن، کـە داخـۆ کـێ وای لێکردوون، ئەوانیش گوتیان ئێمە چۆن قسە لەگـەڵ بـەرد بکـەین، ئـەویش گوتـی.. داروبـەردێك نـەتوانێ دیفـاع لـەخۆی بکـات چۆن ئێـوە دەیپەرسـتن، دواتـر لـەناو دۆڵ نارانی ئێستا ئیبراهیمیان هەڵدایە ئـاگر کـە تـا ئێـستاش هـیچ شـتێکی لـێ ناروێت.هەروەك چۆن کاتی خۆی میسریە کۆنـەکان بـە پادشـاکانی خۆیـان گوتـووە فیرعەون، کوردیش ئاوا بە پادشاکانی خۆی گوتووە نەمرود، داشانشا بە سێ ساڵ گردی تلیی تـەواوکرد بـە سـێ هـەزار کـەس تـا تەواوی کرد.

## پەیوەندی ئەو بـە شیعەکانو عەلـی سیستانییەوە

سـەبارەت بـەنزیکیو دۆسـتایەتی لەمێژینـەی ئـەوان لەگـەڵ شیعەکان، مـەلا سەلام باوەڕی خۆی بە مەزهـەبی ئیمامی جەعفـەری ناشارێتەوەو بـاوەڕی بـەم مەزهەبە هەیەو باسی سەردانی خۆی دەکات بۆلای مەرجەعی گەورەی شیعەکانو دەڵێت: بـە حەقیقـەتو بەراسـتی مـن مەزهـەبی جەعفـەریم پـێ مەزهـەبێکی زۆر راسـتە، بەحەقیقەتیـشی دەزانمو پـێم راسـتەو ئیعترافیشی پێدەکـەم، تـا ئێـستاش ئێمـە پەیوەندیمان لە ناحیەی سیاسیەوە نا، تەنها لە ناحیەی ئایینەوەیە، چونکە ئـەو زوڵمو زۆرداریەی لە ئەهلو بەیتی پێغەمبەرکرا لەزەمانی خولەفای راشیدین نەکراوەو رووی نەداوە، حوسێن بەخۆیو بـە حەفتا کـەس سـەریان بـڕی، ماڵو منداڵی حوسـێن هەموویان بەبەر سینگە ئەسپان دران بە دیلیو بـۆ وڵاتـی کوفـە ناردنیاننـەوە، مەزهـەبی جەعفـەریش زۆربـەی زۆری لـە ئایەتو حەدیس وەرگیراوە، ئیمامی شافعیو مالکو حەنـەفی، ئـەوانیش فـەزڵیان زۆرە، خۆمن ئێستا خۆم لەسەر ئیمامی شافعی ئیش دەکـەمو مـەلام، بـەڵام مـن عـەرزتان دەکـەم مەزهـەبی جەعفـەریم پـێ لـە زۆر مەزهـەب باشترە. هاتوو چۆی مـن لەگـەڵ سیستانیدا ناحیەی سیاسی نییە، ئەوانەشی هاتن بۆلام بریتی بوون لە( شێخ ئەحمەد جابریو ابراهیم الکوردستانیو ئـەکرەم بادینیو هەندێك کەسی دیکە بوون)من پار چـوومە لای عـەلی سیـستانیو باسـی مەسـەلەی کوردم لەگـەڵ کـرد، عەلـی سیستانی پێی گوتم کورد حـەقی ژیانو خاكو وڵاتی خۆی هەیە، بـەڵام نـابێ ببێتـە داردەستی ئیسرائیلیو ئـەمریکا، هەروەهـا لێمپرسـی پێتوایـە کـورد هـەر ئـەوا دەمێنێتـەوە بـێ دەوڵـەت، عـەلی سیستانی گوتی.. کورد ئازاد دەبێت وەکو میللەتانی دیکـە، بـەڵام کـەی ئـەوە شـتێکە خـوادا دەیزانـێو لای مـن مـەعلوم نییـە. هەروەها لێمپرسـی رات لەسـەر ئەمـەریکا چییـە، سیـستانی بـەمنی گـوت:ئێمـە بـۆ بەرژەوەندیـەکی کـاتی لەگـەڵ ئەمەریکادادەبین، ئەگـەر بـۆ بەرژەوەنـدی کـاتی نـەبێت، دەنا ئێمە هیچ سودی لـێ نابینین، لەسەر سوننەکانیش گوتی.. سوننە فریویان خواردووە دەنا ئێمە، لەگەڵ سوننە فـەرقمان نییـە. هـەروەها لەسـەر هاوکاری کوردەکانیش عەلی سیستانی پرسی.. ئایا کە کورد دەربەدەر کرا کێ وەریگرتـەوە، سوننە



بوو یان شیعە؟ گوتم شیعە. گوتی ئایا شیعە دەریکرد یان سوننە؟ گوتم سوننە دەریکرد. ئەو قسانەمان نزیکەی دەدەقیقە کرد.

## نیکۆتین ناوی پیاوێکە پێش ئەوەی قیری جگەرەبێت

مەلا سەلام جگەرەیەکی دیکەی کێشاو هاتەسەر زیانی توتنی جگەرە یاخود نیکۆتین‌و گوتی، نیکۆتین ناوی پیاوێکە بەر لەوەی قیری جگەرەبێت دەڵێ: سەفیری پادشای فەرەنسا(نیکۆتین) وەزیربوو لەوێ، کاتێك توتن مەنعکرا نیکۆتین ئەو وەزیرە بوو دیفاعی لە توتن کرد، دواتر لەبەر ئەوە ناویان لەو قیرەنا نیکۆتین، دەنا لە ئەساسدا تۆوی تووتن بووە.

### هاتنی ئەدیبێکی خەڵکی کاشانی ئیران بۆلای مەلا سەلام

کەسێکی کاشانی گوتی بۆ هەندێك پرسیارهاتووم، گوتم چییە، گوتی بۆچی کورد شاعیرو شیعری کوردی نییە، گوتم لەبەر سێ شت .. یەکەم: لەبەر سیاسەت‌و ژێردەستەیی چوزەرەی زمان‌و ئەدەبی کوردی، سەردەردەکات‌و دەیشکێنێ. دووەم: ئەدەبی ئیسلامی‌و دینی، گوتم **کە میللەتی کورد باوەشی لە ئاینی ئیسلام دا، لە تەقالیدو عورف‌و عاداتی خۆی لایدا،** کود پێشتر کچەکانی ناوی( ناهیدە، نوشافەرین، گوڵزار، گوڵستان، گوڵنداغ... تا بوو، پیاویش ناوی.. گۆدەرز، پیران، شەهرەوەر) دوای هاتنی ئیسلام ژنەکان ناویان گۆڕا بە خەدیجەو فاتیمەو ئەوانە، پیاوەکانیش بوون بە، حوسێن‌و حەسەن‌و عەلی، ئەمە لەلایەك ئەم دوو سەیتەرەیە لێنەگەڕاون ئەدەبی کوردی گەشە بکات. گوتم لەبەر ئەمانە ئەدەبی کوردی گەشەی نەکردووە، پێم گوتن باسی چ شاعیرێکی کوردتان بۆ بکەم گوتیان ئێمە نازانین خۆت هەڵیبژێرە، گوتم وەختی خۆی(ناسیح شای قاجاری) هەشت سەد ژنی هەبووە، هەموو ئودەباو شوعەرای کوردو عەرەب‌و بلوچ‌و فارس‌و ئازەری لە ئێران‌و کۆشکی خۆی بۆ لێکدانەوەی مەعنای نیوە شیعرێکی حافزی شیرازی کە بەفارسی گوتوویەتی تەرخانکرد. ئەوان بە هەر شێوەیەك بۆیان لێك دەدایەوە ناسیح شا قەناعەتی نەدەکرد، ناسیح شا سێ ژنی هەبوو بەناوەکانی(جیهان‌و حەیات‌و فەنا)هەرسێکیان شاعیر بوون، لەنێوانی هەرسێکیان دانیشت‌و گوتی، هەرچی ئەم نیوە شیعرەی حافزم بۆ لێکبداتەوە، حەراجی سیستانی هەموو دەدەمێیە، گوتی .. دانیشتوومە لەنێوانی سێ دولبەرو دوودڵم، نازانم قسە لەگەڵ کامیان بکەم، سەرەتا جیهان هاتە ژوورەوە، گوتی ئەگەر جیهان نەبا پادشایی بۆچی بەکاردەهات، حەیات هاتە ژوورەوە، گوتی.. ئەگەر ژیان نەبێت حەیات بۆچییەو بەکەڵکی چی دێت، ئەوجار فەنا هاتە ژوورەوە، گوتی.. حەیات جیهان هەردووکی بێ بەقایە، ئاخیر فەنایە، جا ئەوجارپێم گوتن شێخ رەزای تاڵەبانی ئەو نیوە شیعرەی حافزت بۆ مەعنا دەکات. بەڵام دیانەتی ئیسلام‌و سەیتەرەی سیاسەت نەیان هێشتووە ئەدەبی کوردی گەشە بکات، بەڵام ئەدیبانی کلاسیکی ئەدەبی کوردیان پاراستووە. من زۆر شاعیری دیکەم پێناساندن، وەکو(مەحوی، تاهیربەگ، مستەفا بەگی کوردی، گەردی، دورناس، دڵدار، سەیدا، بابا) نزیکەی پەنجا شاعیری کوردم پێناساندن.ئەوکات ئەوان سەرسورمانی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بە ئەدەبیاتی کوردی.

## گردی بازموسیان‌و سەرگوزشتەی مێژوویی

سەبارەت بە مێژووی گردی بازمووسیان‌و ئەو ناوەی دەڵێت: بازمووسیان، لە مێژووی کۆچی ۷۱۸دا "عەبدولقادری گەیلانی" لە وڵاتی گەیلان هات رووی کردە بەغداد بۆ خوێندن، کە ئەوکات بەغداد دارولحیکمەت بوو دارولعیلم بوو، ئەوە بوو هۆلاکۆ مەدرەسەی دارولحیکمەتی سوتاند، شێخ عەبدولقادری گەیلانی لەگەڵ کاروانێك گەیشتە بازموسیان، کە گەیشتنە ئەوێ، جەردەیان لێ پەیدابوو، تەبعەن جەردە وشەیەکی کوردییەو بە مانای رێگر دێت، شابازی کوڕی موسا، سەردەستەی جەردەکان بوو، ماڵەکەیان دابەشکرد، عەبدولقادر چل لیرەی پێبوو ئەویشیان لێ ستاند، شاباز موسا هاواری کردوو رۆیشتەی لای گەیلانی گوتی تۆ چی؟ گوتی من تالیبولعیلمم، یەکێکیشم لە ئەهل‌و بەیتی پێغەمبەر، ئەویش گوتی.. من تۆبە دەکەم لەسەر دەستی تۆ، شێخ عەبدولقادریش گوتی باشە، بەڵام گوتی، من هێندەم مەڕ لە عالەم ستاندووە چۆن خودا لێم قبوڵدەکات، بەڵێ شابازموسا لە خزمەتیدا هاتو لە گوندی تۆبەکارانی ئێستا، لەوێ دووشەوو دوو رۆژ مانەوە، شاباز موسا یەکەمین خەلیفەی عەبدولقادری گەیلانی بوو کە تۆبەی کرد، گردی بازمووسیان بەناوی ئەم پیاوەوە هاتووە.

### من تەمەنی خۆم لەسەر مێژووی ئەم میللەتەداناوە

هەروەها هاتە سەر باسی دڵسۆزی خۆی بۆکوردوچاپکراوەکانی‌و گوتی: من چەندین ساڵ تەمەنی خۆم داناوە لەسەرمێژووی ئەم میللەتەو ئەم شتانەداناوە ناوی چەند لایەنێك لە مێژوو ون بووی کورد، کە هێرۆخان لە چاپخانەی خاك بۆی چاپ کردم، یەکێکی دیکەشم داناوە بەناوی فۆلکلۆری کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان، یەکێکی دیکەشم داناوە بەناوی ( ئایینی کورد لە کۆنەوە) کە ئێستا لە خاکەو چاوەڕێی سەرەمە بۆ ئەوەی سەرەم بێت‌و بۆمی چاپ بکەن، هەروەها چوارینەکانی شەوێك لەگەڵ خەیام کە ئەویشم چاپ کردووە..

" دەخیلتم مەیگێڕ.. بادەم بۆ پڕکە
ئەم مەیە ئاڵە ئەندامم سڕکا
کاڵای ئایینم لێ جنبەجڕکا
بڵێ مەیەو بینۆشەو فڕکا.
دەچمە مەیخانە دینم دەفرۆشم
لای پیری موغان خڕکە ئەفرۆشم
بووم بە کۆیلەی پیری مەی کەدا
جار جار شەرابی تەغور ئەنۆشم"

بەو نەهجە چوارینەیەکم هەیە بەناوی شەوێك لەگەڵ خەیام، کە زۆر گرنگە، کە بۆ زمانی ئینگلیزی‌و رووسی‌و ئیتاڵی‌و بلوچی‌و فارسی‌وعیبری تا دوازدە زمان وەرگێڕدراوە، لەگەڵ فەرهەنگێکم هەیە کە کوردی‌و فارسی‌و عەرەبی تێدایە.قیادەی ئوحد کە ئایا جەیشی ئیسلامی بۆ شکا لەوێ.. ئەوەشم هەیە، هەروەها یوسف‌و زلێخای مەلا عەبدولرەحمانی جامین کە عالمێکی کورد بووەو بە فارسی داینەوە من کردوومەتە کوردی لە ساڵی ۱۹۵۵، شێخی سەنعانی شێخی عەتار، ئەویشم کردووە بەکوردی‌و چاپکراوە، هەروەها کتێبێکیشم بە عەرەبی هەیە کە عەبدولرەحمان گیو چاپی کردووە بەناوی(المقارنە بین الیهودیەوالنصرانیەوالاسلام) پازدە بەرهەمم چاپ کراوەو ئێستا تەقریبەن حەوت بەرهەمی دیکەم ئامادەیە بۆ چاپ، کە تەنها فۆلکلۆرەکەم ناردووە بۆلای هێرۆخان لە خاك بۆمی چاپ بکات، شەشەکەی دیکەی ماوەتەوە لەلام، تەفسیری قورئانەکەشم وەختی خۆی بارزانی رەحمەتی خودای لێبێت گوتی من چاپی دەکەم لەسەر حسابی خۆم، کە لەسەر ئسلوبی نوێ دام نابوو.

# شیکردنەوەیەك
# بۆ لێکچواندنی ئەشکەوت لای پلاتۆن

ن/ د. فؤاد زکری
لە ئەرەبییەوە سامان حسین و
مسلم کاکەیی

## بەشی دووەم و کۆتایی

بەلای ئێمەوە ئەو لێکچواندنە هەڵوێستەی لەسەر توخمێکی دی کردووە کە چیوا لە توخمەکانی پێشوو کەم بایەختر نییەو بریتییە لەبەراوردکردن لە نێوان ئاستەکانی واقیعو بەراوردێکە بەخانەی ناخی میتافیزیك هەژماردەکرێت. بەڵکو ڕەنگە ڕونترین پوختەیەك بووبێت بۆ شێوەیەکی تەواو لە بیرکردنەوەی میتافیزیکیانە کە بەهێزترین کاریگەری بووە لەدیاریکردنی ڕێڕەوی بیرکردنەوەی فەلسەفیانەی ترادسیۆنی بەگشتی، کە لێرەوە هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەو بوارە لەبوارەکانی لێکچواندنی ئەشکەوت دەدەین‌و ئاماژە میتافیزیکیە گەورەکانی پوخت دەکەینەوە. ئەشکەوت بابەتێك بوو بەدرێژایی مێژووی ئەفسانەو باوەڕە مرۆییەکان دووبارە دبۆوە، لەو ڕوانگەیەوە کە پێکهاتەیەکی مادییە، هێزێکی بێهاوتا بووە لەوروژاندنی خەیاڵی مرۆڤ، هێزێك کەشێوەیەکی دووبارەیی لەنمونەی سەرجەم ئەفسانەو هونەرو ئەدەبی مرۆڤدا دەردەکەوت. هەر لەکۆنترین سەردەمە مێژووییەکانەوە ئەشکەوت شوێنێکی لەبار بووە بۆ سروش (وەحی)و روئیا، ئەشکەوت هێمایەکی ڕوونی پێویستی مرۆڤ بووە بۆ خۆپاراستن‌و داڵدەگاو هەستکردن بەدڵنیایی لەترسە دەرەکییەکان، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەشکەوت ناڕوونییەکی تێدایە وای لێدەکات ببێت بەسەرچاوەیەکی بەردەوامی ئیلهام‌و باشترین دەروازەیەك لەڕێیەوە خەیاڵی مرۆڤ لەجیهانی سروشتییەوە دەگوازێتەوە بۆ جیهانی بان سروشت. شول ئاماژەی بەو توێژینەوانە کردووە کە ئەوەیان سەلماندووە کە دەکرێت بەراوردێك لەنێوان توخمەکانی ئەشکەوتەکەی پلاتۆن‌و شانۆی سێبەری ڕۆژهەڵاتی دووردا بکرێت. وتەی یەکێك لەو توێژەرانە وەردەگرێت، کە پوختەکەی ئەوەیە، شانۆی سێبەر لە هیند لەئەشکەوتەکاندا نمایش دەکرا، لێرەشەوە بەوە دەگات کە پلاتۆن لەم لێکچواندنەدا. دیمەنێك وەسفدەکات زیاتر بەشێك لە دروشمە ئاینییەکان پێکدەهێنێت وەك ئەوانەی دەگەنە قۆناغی باڵای ڕەفتار لەپەرستنی نهێنیە کۆنەکاندا. هەرچەندە ڕەنگە سەرچاوەی لێکچواندنەکە زۆر لەوە گشتگیرتر بێت. ئەوەش بەوەی ئەگەر ئەشکەوت هێمای پێویستی مرۆڤ بێت بەداڵدەگا، هەرلەکۆنەوە ئەوا ئاساییە گەرمرۆڤ ڕووی تێبکات، لەوێدا بگاتە ئاسایش‌و دڵنیابوون، کە زیاتر ڕەنگە دۆخگەلێکی سروشتی جۆراوجۆر مانەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ لەئەشکەوتەکەدا بسەپێنن. ئاساییشە لەو ماوە درێژەدا بۆ خۆگەرم کردنەوە یان ڕووبەڕووبونەوەی ئاژەڵی دڕندە یان ڕەواندنەوەی تاریکی ئەشکەوتەکە ئاگربکاتەوە، کە بەدڵنیاییەوە ئەو ئاگرە سێبەرێکی لێدەکەوێتەوە لە نێو ئەشکەوتەکەدا تاخەیاڵی مرۆڤ بوروژێنێت، بەوەش ئەشکەوتەکەی وەك جیهانێکی بچووك بێتە بەرچاو کە هەموو جۆرەکانی گیانلەبەری تێدایەو لەکاتی گەڕانەوەی بۆ دەرەوە لەو ماوانەدا کەتاڕادەیەك ئاسایش دەبوو، بۆ خواردن ئەشکەوتەکەی جێ دەهێشت، ئیدی بیرۆکەی دووفاقەیی جیهان لەنێوان واقیع‌و دەرەوەی‌و نێوان تاریکی ئەشکەوت، کە دەنگدانەوەیەکی بچوککراوەی ئەو واقیعە بوون لای دروست دەبوو. کەواتە ئەوە ئەو وێنەیەیە کە دەکرێت بڵێین بەواتایەك لەواتاکان لە لاشعوری دەستەجەمعی مرۆڤداهەیەو ماوە ماوە لەشێوەی ئەفسانە یان چیرۆك یان هۆنراوە یان تابلۆ یان پەیکەر بەرجەستەدەبێت. بڵاوبوونەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە ئەم ئەفسانەیە گوزارشتی لێدەکات دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانی ئەو هێمایانەی تیایدا بەکارهاتوون بەجۆرێك هەر بیریارێك ئەوەی دەیەوێت تیایدا دەیبینێتەوەو ئەفسانەکە بۆ خۆی جۆراوجۆرترین‌و نەرمترین ڕاڤەکردنەکان هەڵدەگرێت. کە لە هەر سەردەمێکدا مرۆڤ لەهەڵوێستی خۆی دوودڵەو تیایدا هەست بەناقایلی دەکات لەو ڕەوشەی تیایدا دەژێت، ئیدی جارێکی دی ڕووی لە ئەشکەوت دەکردەوەو پەنای بۆ ئەفسانەکەی دەبرد وەك گوزارشتکردن لەئاراستەی بەرەو ڕەتکردنەوەو بەکردەوە ئەفسانە – لەزۆربەی کاتەکاندا- پەیوەست بوو بە ڕەتکردنەوەو لەهەموو ئەوکاتانەدا گەشەی دەکردکە مرۆڤ تیایدا دووچاری ئەو ئاستەنگانە دەبۆوە کە نەیدەزانی چۆن بەسەریاندا زاڵبێت‌و ئیدی هەستی بەلاسەنگ بوونی نێوان جیهانی ناوخۆی خۆی‌و جیهانی دەرەوەی دەوروبەری دەکرد، بەڵام ڕەنگە وێناکردنەکەی پلاتۆن بۆ ئەم ئەفسانەیە جوانترین نمونە بووبێت وێنەی ئەشکەوتی تێدا بەرجەستە بووە، کە لە ڕێی کاراییەکەیەوە لەکۆکردنەوەی نێوان مەیلی شیعری‌و مەزاجی فەلسەفیانەدا توانیویەتی ئەو وێنەیە بکێشێت‌و بۆ ئاستی هەڵوێستێکی فەلسەفیانەی قوڵ بەرزی بکاتەوە. لەئەشکەوتدا پلاتۆن، بەندییە کۆتکراوەکان دەخاتە نێو هەموو جۆرە پەیوەندییەکانەوە لەگەڵ سێبەرداو دواجار هیچیان بەدەستەوە نابێت جگە لەدەرککردن بە دیاردەکان، مرۆڤ هەست بەچێژی ڕاستەقینە ناکات تەنها ئەوکاتە نەبێت کەلە بەندینخانەکەی دێتەدەر، واتە لەئەشکەوت چاوی بەڕاستی شتەکان دەکەوێت‌و ڕاستەوخۆ لێیان ڕادەمێنێت، بەم واتایەش لێکچواندنەکە بریتی دەبێت لەو چیرۆکەی مرۆڤ کە زانینی سێبەر – واتا زانینی هەستپێکراو- ئاستەنگ دەبێت لەبەردەم تێڕامانی ڕاستەوخۆ بۆ شتەکان لە تیشکە ڕاستەقینەکەیدا.گەر لەمرۆڤ بخوازرێت کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستیەکان چاوهەڵهێنێت، سەرەتا شپرزە دەبێت واهەست دەکات کە هەستی لەهزری ڕاستگۆترە، بەڵام کە ڕۆدەچێتە نێو ژیانی هۆشمەندانەوە، دواجار دەرك بەئەندازەی ئەو هەڵەیە دەکات کە پێیدا تێپەڕیوەو بەو ڕوناکییەی کە بۆتە بەدیلی ڕازی نابێت. ئەگەر بەو ئاکامە بگەین کە پلاتۆن ئەو

جیهانەی تیایدا دەژین بەجیهانی سێبەر دەچوێنێت، ئەوا ئەوە ڕووندەبێتەوە ئەویش بەکردەوە دەچێتە پاڵ ئەوکەسانەی کە وێنای ئەشکەوتیان بۆ گوزارشتکردن لەنیگەرانییان لەجیهانی دەوروبەرو چاوەڕوانی جیهانێکی جیاوازتر بەکارهێناوە. ئەمەش لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان قینی مرۆڤو پرۆتێستەکانیو ڕەتکردنەوەکانی بۆ جیهانی خۆیو نێوان هەوڵەکانی بۆ داماڵینی تەواوی ئاماژە ڕاستەقینەکانی ئەم جیهانەو تەنها سێبەرەکانی تیادا دەبینێت. ئیدی سەرجەم ئەو توخمانەی لەم دونیایەدا ئازارم دەدەن بوونیان نیە، ئەو ئازارو دوژمنانەی هەرەشەم لێدەکەن هیچیان هەبوونێکی ڕاستەقینەیان نییە. بەمەش دەتوانین بڵێین وێنەی ئەشکەوت لای پلاتۆن جیاکەرەوەیەکی فەلسەفیانەی بنەڕەتی لەنێوان ڕوکەشو حەقیقەتدا دەخولقێنێتو جەخت لەسەر پێشینەی جیهانی هزر لەجیهانی هەستپێکراوەکان کردۆتەوە کە ئەمە بەبەردەوامی ناحەزبووە، چونکە پەیوەندی بەو دۆخە ئازاراوییەوە هەبووە کە مرۆڤی تێدا ژیاوە، بەو پێیەش کە جیاکردنەوەی نێوان روکەشو حەقیقەتو جەختکردنەوەی پێشینەیی جیهانی هزر توخمی بنەڕەتی پێکدەهێنن لە میتافیزیك بەشێوە ترادسیۆنەکەی، کەواتە دەکرێت بگوترێت بەمانایەك لەماناکان وێنەی ئەشکەوت سەرلەبەری میتافیزیکە. ئەو میتافیزیکەی کەجیهانی بان هەستپێکراوی خولقاند وەك ڕوونمان کردەوە جگە لەقینی مرۆڤ بەرامبەر ژیانی هەستپێکراو ڕەتکردنەوەی هیچی یکە نییە. ئەم جیهانەی کە مرۆڤ خولقاندیو سەرجەم خەسڵەتەکانی کامڵی پێبەخشی: ئەم جیهانە نەگۆڕە نمونەییەی سەرجەم خەسڵەتەکانی چاکە کۆدەکاتەوە، تەنها وەك دژێکی فیکری بۆ ئەو جیهانە واقیعەی کە بەکردەوە مرۆڤی تیادا دەژێت دامەزراوەو خەسڵەتەکانی پێچەوانەی ئەو خەسڵەتانەن، بەمەش پێدەچێت کە ئەو هەڵوێستە فەلسەفیانەی زێتر نوقمی ئایدیالیستین تەنها لەو دۆخانە لەژیان دامەزرابن کە زۆرتر لەئایدیالیستیەوە دوورن. بەڵکو ڕەنگە گەر مرۆڤ تا بەپەرۆشتربێت بۆ دوورخستنەوەی هزرو



فەلسەفەکەی لەواقیعو بالاترکردنیو هەرچەند ئەو ڕێبازە عەقڵیانەی بونیادیان دەنێن لەهەستپێکراوەوە دورترو بەرزتربن، ئەوا ئەو واقیعەی کەتیایدا دەژێت دوورتر دەبێت لەخەونەکانیو ئەو وێنایانەی کە لە خەیاڵیدا بۆ جیهان دەیانکێشێت هاوسەنگی نێوان مرۆڤو جیهانەکەی لاسەنگتردەبێت. کاتێك کە ئەوجیهانە فیکریە ئایدیالیستیەی عەقڵی فەیلەسوف دایدەهێنێت تەنیا لەدەستکردی ڕوحی مرۆییە، واتا ئەو شایستەترە بۆ ئەوەی جیهانێکی وەهمی بێت، ئیدی نێوان ئەوو جیهانی واقیعی هەستپێکراو لەئەفسانەدا دەگۆڕێت، ئەم جیهانە هەستپێکراوە دەبێت بەوەهمی، چونکە لێوان لێوە لەئازارو جیهانی هۆشمەندانە دەبێتە ڕاستەقینە، چونکە ئازارەکانی مرۆڤو تەواوی مەیلە قەرەبو خوازییەکانی لەوێدا چڕبوونەوە. ئەگەر میتافیزیکی ڕۆژئاوایی بەدرێژایی مێژووی بیستو پێنج سەدەیی لەپلاتۆنەوە بەشتێك پشکداربووبێت، ئەوا پشکدارییەکە لەپشتیوانیکردنی ئەو پەیوەندییە پێچەوانەییەدا چڕبۆتەوە، واتا جەختکردنەوەی حەقیقەتی جیهانی عەقڵ کە ڕوح دایدەهێنێتو وەهمیەتی جیهانی واقیعو هەست کە مرۆڤ بەکردەوە خۆی تیادا دەبینێتەوە، گەر فەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوا باوەڕیان بەمە هێنابێتو پێی ڕازی بووبن، ئەوا لەو بەڵگەیە ڕوونتر نییە لەسەر سەرکەوتنی پلاتۆن. هاوکات لێکدانەوەیەکی دی بۆ لێکچواندنی ئەشکەوت هەیە دەکرێت بەڕافەکردنی ناڕاستەوخۆ ناوزەدی بکەین، کە بیرۆکە ناوەندییەکەی سوکایەتی کردن بەجیهانی هەستپێکراو نییە وەك لێکدانەوەکەی پێشتر، واتە وەك وی نێگەتیڤانە نەبوو، بەڵکو خاوەن مۆرکو ئامانجێکی پۆزەتیڤە: بریتیە لەبەکارهێنانی ئەفسانە وەك ئامرازێك بۆ سەلماندنی سروشتی ڕاستەقینەی زانست، دەتوانین بڵێین کە هەمان ئامانج لە زەینی پلاتۆندا بووە کاتێك ئەفسانەکەی بەکارهێناوە، بەڵام وەك ئامانجەکەی پێشوو بایەخدار نەبووەو تەنها بەڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ نەبێت ناتوانرێت بۆی بگێڕدرێتەوە. لەئەفسانەکەدا ئاماژەیەکی گرنگ هەیە بۆ سروشتی زانین، کە بەڕازیبوونی مرۆڤ تەنها بەوەی دەیبینێت بەدەست نایەت، بەڵکو پێویستە بواری هەستپێکراوە ڕاستەوخۆکان تێپەڕێنێتو لە تێڕوانینی بۆ شتەکان لەکەسی ئاسایی جیابێتەوە لەوەی کە تەنها بە روکەشی جیهان ڕازی بێت، هەر ئەم ڕازیبوونەی مرۆڤ بەوانەی بەکردەوە دەیانبینن، لەبواری زانستدا، وای لێکردن بۆ نمونە پێیان وابێت کە ئەوە خۆرە بەدەوری زەویدا دەخولێتەوە، بۆ ماوەیەکی دووردرێژ دژایەتی بۆچونە



ڕاستەکە بکەن. کە دۆزەرەوەکانی تێڕوانینە نوێیەکە سەبارەت بەپەیوەندی نێوان خۆرو زەوی ئەو ڕێنماییانەیان پەیڕەو دەکرد کە پلاتۆن لەئەفسانەکەدا گوتبوی کاتێك تەنها بەو ڕوکەشەی جیهان ڕازی نەبوون کەبەکردەوە دەیبینن. سروشتی میتۆدی زانستی کە جۆرێك لە خۆڕاپسکاندن لەو شتانەی هەستەکان بەدەستیان دێنن دەخوازێت، لەمەشدا مەبەستمان ئەوەنییە کەجیهان پێویستە بە بەردەوامی گەواهی هەستەکان ڕەتبکاتەوە. بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە دەبێت بەراورد لەنێوان ئیدراکە هەستییە جیاوازەکاندا بکاتو عەقڵی بکات بە بڕیاردەرو ملکەچی ئەو روکەشە نەبێت کە لە هەمووماڵێکدا دەردەکەوێت، بەمجۆرە دەکرێت بڵێین پلاتۆن لەم ئەفسانەیەدا گوزارشتی لەمەرجێکی پێویستی مەرجەکانی گیانی زانستیانە کردووە، ئەگەرچی بەڕادەیەك زێدەڕۆیی کردوە لە جەختکردنەوەی دژایەتی نێوان جیهانی بیرۆکە زانستیەکانو جیهانی هەستپێکراوەکان کەگیانی زانستیانەی تەندروست خۆی لێدەبوێرێت. ئەم گیانە زانستییە لەوێدا هاوڕایە لەگەڵ پلاتۆندا کە دەڵێت ئەو بیرۆکەیەی کە زەین لە دیاردەکانەوە پێکیان دەهێنێت بابەتی راستەقینەی زانستە نەك ئەو روکەشانەی کە دیاردە هەستپێکراوەکان دەیخەنەوە. بەلاَم لەوێدا هاوڕای نییە کە دەڵێت بەتەنیا بیرۆکە حەقیقەتەو جیهانی هەستپێکراو وەهمە. هەروەها گیانی زانستی ئەو ڕایەی پلاتۆن پەسەند دەکات کە دەڵێت، شتە تاکیەکان بەو تایبەتمەندییەوە کە لە گۆڕانو جۆراوجۆربوونی بەردەوامدان ناتوانێت هیچ زانستێك بخولقێنێت بەڵکو زانست بە مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکەی ئەم شتانەدا بونیاد دەنرێت، کە بیرۆکەی گشتینو بەهای نەگۆڕی شتە گۆڕاوەکان پوختە دەکەن، بەلاَم گیانی زانستی ئەو ڕایەی پلاتۆن پەسەند ناکات کە دەڵێت بیرۆکەکان لەدەرەوەی جیهانی هەستپێکراودانو ئەوان هۆکاری بوونی ئەون. بەکورتی گیانی زانستی ناچار نییە بوونی حەقیقەت بسەلمێنێت تا بڵێت ئەم حەقیقەتە جیهانێکی سەربەخۆ پێکدەهێنێتو پێش ئەم جیهانە کەوتووەو بەتەواوی لێی دابڕاوە. وەك پلاتۆن دەڵێت، بەڵکو گیانی زانستی دان بەوەدا دەنێت کە ئەم حەقیقەتە سروشتێکی فیکری هەیەو ئەو بیرۆکانەی کە لە دووتوێی دان بەهەوڵێکی پێ بەپێی لەم جیهانە واقیعەدا هەڵهێنجراون. لەبەرئەوەی باسی ئەو هەوڵەمان کرد کە بۆ هەڵهێنجانی بیرۆکەکان پێویستن، بۆیە دەبێت ئەوەش تێبینی بکەین پلاتۆن بەکردەوە ئاماژەی بەو هەوڵەداوە لەئەفسانەکەیدا، کاتێك باسی لەو تەنگو چەڵەمانە کردووە کە بەندی ئەشکەوت دووچاریان دەبێتەوە ئەوکاتەی دێتە دەر بۆ جیهانی ڕاستەقینەو باسی لەو بەرگریانە کردووە کە لەسەرەتای پرۆسەی ڕۆشنگەری پێیدا تێدەپەڕێت، لەمەشدا ئیدراکێکی دروست هەیە بۆ ئەو هەولاَنەی کە زانست لەتوێژەریانی دەخوازێت. ئێستا گەر بچینە سەر ڕەخنەکردنی لێکچواندنی ئەشکەوت بەو جۆرەی پلاتۆن دایڕشتوە، لاوازییەکی بنەڕەتی لە بونیادی ئەم لێکچواندنەدا بەدی دەکەین: کەدەبوو هاوتەریبیەکی تەواو لەنێوان ئەو وێنەیەی کە دەیکێشێتو گواستنەوە لەجیهانی هەستپێکراو بۆ جیهانی هۆشمەندانە لەئارادابێت. بەلاَم راستییەکەی ئەم هاوتەریبییە بەوردی نییە: کە ئەو بەندییەی ئەشکەوت بەجێ دێڵێت بۆ جیهانی ڕاستەقینە، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەگوازێتەوە کە جیاوازی لە نێوان ئەو شوێنەو شوێنی یەکەم تەنها لەپلەدایە، واتا هەموو ئەوەی بۆ بەندییەکە پێویستە لەم گواستنەوەیە ڕاهێنانی هەستەکانە لەسەر تیشکی زیاتر لەجیهانی ڕاستەقینەداو ئەو ڕوناکییە لەگەڵ ڕوناکی سێ جیهانی سێبەردا تەنها لە بەهێزیەکەیدا جیاوازە: هەمان ئەو هەستانەی لەجیهانی سێبەردا بەرپرسی ڕێنمایی کردنی بوون، هەمان شێوە دەتوانن بەشتێك لەڕاهێنان، لەجیهانی

ڕاستەقینەشدا ڕێنمایی بکەن. سەبارەت بە رووەکەی تری ئەو وێنەیەی کە پلاتۆن ویستویەتی بیکێشێت ئەوا گواستنەوەیە لەجیهانی هەستپێکراوەوە بۆ جیهانی نمونەیی باڵاو زۆر لەوی دیکە جیاوازە: ئەوە گواستنەوەیە بۆ جیهانێك تیایدا هەستەکانمان بەهیچ جۆرێك بەکەڵکمان نایەن، لەنێوان ئەوو جیهانی یەکەمیدا جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە چەندایەتیو گۆڕانکاری تەواوی لەسەرجەم ئەو ئامرازانەی مرۆڤ بۆ زانین بەکاریان دێنێت پێویستە.

لەکاتێکدا هەستەکان لەحاڵەتی ئەفسانەی ئەشکەوتدا هەر زوو لەوە تێدەگەن کە ئەو جیهانە نوێیەی بۆی گواستویەتیەوە ڕاستەقینەترە، ئەو گواستنەوەیە لەحاڵەتی دووەمدا بۆ جیهانی هۆشمەندانە گواستنەوەیەك دەبێت بۆ جیهانێك لەبیرۆکە کە لە خۆی زیاتر هیچ شتێك نانوێنێو ئەگەر بەرزبوونەوە بۆ بینینی شتە ڕاستەقینەکان وابەستەیی بەندییە ئازادبوەکە بۆ واقیعو دەرككردنی بە حەقیقەتەکەی زیاتر بکات ئەوا بەرزبوونەوە بۆ جیهانی وێنەو نمونەیی باڵای پلاتۆنی زەین لەواقیع دووردەخاتەوەو پەیوەندیەکی پێوە دەپچڕێنێت. گۆشەگیری دەکاتو لەجیهانی مرۆڤو جیهانی شتەکان دایدەبڕێت. سەرەڕای ئەوەش پلاتۆن پێی وابوو کە هاوتەریبیەکە تەواوە لەنێوان هەردوو حاڵەکەداو دواجاریش جیهانی نمونەییەکەی حەقیقەتی زیاترە، لەمەشدا فیکری ڕۆژئاوایی لەبناغەیدا شوێنی کەوتن، لەمەش ئەو سەرەو خواربوونە بنەڕەتیە لەبارودۆخەکان کەوتەوە، بڕیارەکان وایان دەبینی کەحەقیقەت وەهمەو وەهمیش حەقیقەتو هۆشمەندانەی پەتی کەمرۆڤ بیری لێدەکاتەوە حەقیقەترە لەو هەستپێکراوەی کە دەبینرێتو دەگیرێت.

بەکورتی ماهیەت حەقیقەتی زیاترە لە بوون، لەسەر ئەم بنەمای سەرەوخوارەش تەواوی ڕێبازە فەلسەفیەکانی فیکری ڕۆژئاوایی بونیادنرا، بەمەش دەکرێت بگوترێت بەمانایەکی دیاریکراو بەندییەکەی کە بە سێبەرەکەیو جیهانە بەرتەسکەکەی ڕازی نەبوو، بەکردەوە گواستیەوە بۆ جیهانێکی بەرتەسکترو کەم حەقیقەتتر، ئیدی بتی بۆ خۆی دروستکردو بەئیرادەو خواستی خۆی پەرستی.

# گوزارشت



# ڕۆژنامەو نەریتی خوێندنەوە لای ئێمە

**هێرش ڕەسوڵ دەینووسێت**
خوێندکاری ماجستێر لە میدیاو ڕۆژنامەنووسی

"ڕۆژنامەی کرۆنەسەیتونگ Kronezeitung کە تیراژەکەی دەگاتە زیاتر لە دوو ملیۆن، بە ئاماری نوێ لە سەدا حەفتاو دووی ئەو دوو ملیۆنە دەفرۆشرێ، کە بە ڕێژەی دانیشتوان لە جیهان یەکێکە لە پڕ فرۆشترین ڕۆژنامە، واتە هیچ ڕۆژنامەیەك لە دنیادا هێندەی ئەو ڕۆژنامەیە خوێنەری نیە."ئەمەی سەرەوە وەڵامی ئەکادیمیستێکی بواری میدیاو کەمیونیکەیشن بوو، کە لە وڵاتی نەمسا سەرقاڵی خوێندنو بە دەستهێنانی بڕوانامەی باڵایە، لە دیدارێکی ڕۆژنامەنووسییدا بۆ ڕۆژنامەی "چاودێر"و لە وەڵامی پرسیارێکمدا سەبارەت بە تیراژی پڕ فرۆشترین ڕۆژنامەی ئەو وڵاتە، ئاوای گووت. هێنانەوەی ئەم قسەیەی سەرەوە لەم گۆشەیەدا بە ڕێکەوت نیە، هەروەك زانیارییەکی تازەش نیە دەربارەی میدیا لە ئەوروپاو ئەمەریکاو دنیای پێشکەوتوو، ئەوەندەی زەنگێکی ئاگادارکەرەوەو پێشاندانی واقیعێکی جوانە، تا هەر هیچ نەبێت لە باری بەراوردکاریدا واقیعی تاڵو کوشندەی باری ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنی خۆمانمان بەرچاو بکەوێتەوە، واقیعێك پێمان دەڵێت لە ڕێژەی دانیشتوانی پتر لە چوار ملیۆن کەسی هەرێمی کوردستان بەرزترین تیراژی ڕۆژنامە (وەکو لەسەر ڕۆژنامەکە دەنووسرێت) تەنها بیست هەزارو شتێکە! ئەمە وامان لێدەکات لێرەدا هەڵوەستەیەك بکەینو بە دوای هۆکاری نزمی تیراژی ڕۆژنامەکانمان (لێرەدا ڕۆژنامە وەکو مانای میدیای نووسراو بە شێوەیەکی گشتی بەکاردێنم) بگەڕێین، یان بە مانایەکی دیکە پرسیار لە کەمیی ڕێژەی خوێنەری ڕۆژنامەکانمان بکەین، یاخود وێڵی دوای وەڵامی ئەو پرسیارە بین کە دەڵێت: بۆچی لای ئێمە (خوێندنەوە) نەبوەتە نەریت؟! بە تایبەت ئەمە لەکاتێکدا لە زۆربەی بۆنەکاندا لەبەرامبەر نزمی ڕێژەی تیراژی ڕۆژنامەکانمان بە نەریتنەبوونی خوێندنەوە دەکرێتە هۆکاری سەرەکی. کەوایە، ئێمە لێرەوە بە دوای هۆکارەکانی ئەودیو ئەو واقیعە دەگەڕێین کە کاریگەری بەسەر ئەوەوە هەیە خوێندنەوەی ڕۆژنامەی لای ئێمە نەکردوەتە نەریت.

بەر لەهەر شت دەبێ ئاگامان لە ڕاستیەکی مێژوویی بێت، کە لە مۆدێلی ڕۆژنامەنووسیی بەعسەوە بە مۆدێلی ڕۆژنامەنووسیی دوای ڕاپەڕینمان دەگەیەنێت. کاتێکیش باس دێتە سەر بەعسو تەماشاکردنی بەعس بۆ ڕۆژنامەنووسانو کاری ڕۆژنامەنووسی ناکرێ خۆمان لەو ڕاستیە ببوێرین کە ئەو ڕژێمو فەلسەفەیە هەمیشە لەسەر دوو هێڵی سەرەکی کاریکردووە، یا ڕۆژنامەنووسانو هەڵسوڕاوانی ئەو بوارەی کردۆتە نۆکەرو زوڕناژەنو ئەڵقە لە گوێی خۆی، یان ئەوەتا ئازاری داونو کوشتونیو دەمکوتی کردوون. ئیتر گواستنەوە لەو مۆدێلو قۆناغەوە بۆ مۆدێلو قۆناغێکی نوێتر بە دڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر کایەکە لەناوەوەو دەرەوەی خۆی جێدەهێڵێت، لە پێش هەمووشیانەوە هیچ نەبێت وەکو زەمەنیش زۆری دەوێت تاکو چاوی خوێنەر بە مەتریاڵو کەرەستەی نوێی ڕۆژنامەنووسی ئاشنا دەکەیت. هەروەك دەکرێ زۆر خاڵی تر بوبێتنە هۆی ئەوەی تا ئێستا وەکو پێویستو بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی هەرێم خوێنەرمان زۆر کەم بێتو خوێندنەوەی ڕۆژنامە نەبوبێتە نەریت لامان، لەوانەش: نەبونی شەفافیەتو کراوەنەبوونی دەرگای سەرچاوەکانی هەواڵو زانیاری، لەیەکجیانەکرانەوەی سێ دەسەڵاتەکەو نەبوونی میدیا بە دەسەڵاتی چوارەمو چاودێر بەسەر دەسەڵاتەکانەوە، یاسای داخراو و ناتەندروستی کاری ڕۆژنامەنووسی، ڕەچاونەکردنی ئێتیك، لاوازی هۆشیاریی مەعریفیو گشتیو درككردن بە ڕۆڵی میدیا، خراپی دابەشکردنو شوێنی فرۆشتنو گەیشتنی بە دەست خوێنەر، ناپرۆفیشناڵێتی لە کارو لەبەرچاونەگرتنی تایبەتمەندێتی یان نەبوونی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، دروستنەبوونی متمانەی خوێنەر بە هەواڵو زانیاریی نێو ڕۆژنامەکانو...تاد.

# ئایدز نەخۆشیەکی کوشندە

**عوسمان رسول**

| ئەو کەسانەی بەڤایرۆسی ئایدز ئەژین | ئەوانەی لە ٢٠٠٦ تووش بوون | مردن بەئایدز لە ٢٠٠٦ |
|---|---|---|
| ئەورووپای خۆرهەلاتی ئاسیا ١,٧ ملیۆن | ٢٧٠٠٠٠ هەزار | ٨٤٠٠٠ |
| ئەورووپای خۆرهەلات و خۆرئاوا ٧٤٠٠٠٠ | ٢٢٠٠٠ | ١٢٠٠٠ |
| وولاتانی کاریبی ٢٥٠٠٠٠ | ٢٧٠٠٠ | ١٩٠٠٠ |
| ئەمەریکای باکور ١,٤ ملیۆن | ٤٣٠٠٠ | ١٨٠٠٠ |
| ئاسیا ٨,٥ ملیۆن | ٩٦٠٠٠٠ | ٦٣٣٠٠٠ |
| ئۆقیانوسیا ٨١٠٠٠ | ٧٠٠٠ | ٤٠٠٠ |
| خۆرهەلاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقیا ٤٦0000 | ٦٨٠٠٠ | ٣٦٠٠٠ |
| بیابانەکانی خواروی ئەفریقا ٢٤,٧ ملیۆن | ٢,٨ ملیۆن | ٢,١ ملیۆن |
| ئەمەریکای لاتین ١,٧ ملیۆن | ١٤٠٠٠٠ | ٦٥٠٠٠ |

یەکیك لەو نەخۆشیە کوشندانەی کەئەمڕۆ دنیا پێوەی دەنالێنی نەخۆشی ئایدزە کەکۆمەڵگاو مرۆڤایەتی تووشی ئیفلیجیو لەناوبردن کردوە کەبەنەخۆشی (H.I.V)ناسراوەو لەدنیادا دەیان تاقیگەی تەندروستی بۆ دانراوەو هەموو هاولاتیەکی ئەوروپی هەربە٣مانگ یان٦مانگ جارێك سەردانی ئەم تاقیگە تەندروستیانە دەکات بەمەبەستی پشکنینو دڵنیابوون لەم نەخۆشیەو هەرکەسێك هەڵگری ئەم ڤایرۆسەبێ ئەوا لەشوێنکی تایبەت دادەنرێو کۆرسی چارەسەری بۆ دەبڕنەوەو ناهیلن تێکەل بەخەڵك بکرێنو لەهەمان کاتیشدا ئاگاداریو وشیاریو پەروەردەکردن بەخەڵك رادەگەیێنن بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشیەو تەنانەت ئەوانەی دەبنە گێڵ فرێندو بۆی فرێندی یەکتری هەردوولا پشکنینی خۆیان دەکەن ئەمجار کاری سێکسی لەگەڵ یەکتری دەکەن، جگە لەمەش ٍهاولاتیان لە دەرەوە هەموویان کۆندۆم بەکاردەهێنن بۆ خۆپاراستن لەهەرنەخۆشیەکی سێکسی کەبەرگری دەکاو بۆیەکەمجاریش ئەم نەخۆشیە ساڵی ١٩٨١ دۆزرایەوەو نزیکەی١٤ ملیۆن کەس بەم نەخۆشیە مردونو زیاتر لە ٤٠ چل ملیۆن هەڵگری ئەم نەخۆشیەن لەئاستی دنیاداو لەئەمریکاو ئەفریقاو فەرنساو ...هتد زۆرە هۆی سەرهەلدانی ئەم نەخۆشیەش دەگێرنەوە بۆ مەیمونو شەمپانزی کەمرۆڤ ئەم ڤایرۆسەی لەئاژەلان وەرگرتوە یا بەهۆی کاری سێکسی یاخواردنی گۆشتەکەیان یاخود بەکارنەهێنانی هیچ بەرگریەكو زانیاری ڕۆشنبیری سێکسی لەم بارەوە بەشێوازێکی تەندروستی ڕەچاویان نەکردوە.

چۆنیەتی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە:

١- لەڕیگای کاری سێکسیەوە دەبێت وەکو جووت بوون یانێربازی کەلایەکیان ئەم ڤایرۆسەی هەبێو کاری نێربازی لە ئەمریکادا بلاوەو لە ئەفریقاو ولاتانی دیکەش بە هۆی کاری سێکسی نێرومێوەیە یاخود بە هۆی ئەو ئافرەتە لەشفرۆشانەوە دەبێ کەلەسەرجادەو باخچەکان بەدەیان کەس لەگەڵیان جووت دەبێ.

٢- بەهۆی مادەبێهۆشکەرەکان بەتایبەتی بەکارهێنانی دەرزی تلیاكو دەریشکەوتوە ئەم دەرزیە بەرێژەیەکی زۆر هەڵگری ئەم نەخۆشیەیە.

٣- بەکارهێنانی خوێنی یەکیکی دیکە کەپێشترلەتاقیگەدا پشکنینی بۆ نەکرابێ بۆئەوەی دڵنیابێ لەوەی کەخوینێکی پاکەو دوورە لە نەخۆشیەکان یان کاتیك یەکیك گورچیلەکەی دەگۆڕێ دەبێ پشکنینی بۆ بکرێ لەترسی نەخۆشی.

٤- لەدایکەوە بۆکۆرپەڵە لەکاتی مندالبونو شیرپێدان یاخود ماچی ناودەم یان ئەگەر شوێنیکی خوێنی لێ بێو بەرتبکەوێ یان لەکاتی سێکسدا کەهەردولایان ئارەقەی لەشیان تێکەڵ بەیەکتری ببێو یاخود بەکارنەهێنانی کۆندۆم یابەکارهێنانی پۆشاكو خواردەمەنیو کەلو پەلی نەخۆشەکە.

نیشانەکانی: زۆر لەوانەی توشی ئەم نەخۆشیە دەبن هیچیان پێوە دیارنیەو هەشیانە کەمتربەرگەی هەموو جۆرە نەخۆشیەکان دەگرنو ئەمانەی تووشی ئەمە دەبن ١-٣ ساڵ زیاتر ناژینو دەبێ تەرمەکانیشیان بسوتێنرێو ئەوەی شایانی باسە نەتەوەیەکگرتوەکان ڕایانگەیاندوە کە ئایدز لە ئاستی دنیادا لەبەرز بوونەوەدایەو ریکخراوی تەندروستی جیهانی( W.H.O) بەهاوکاری لەگەڵ UN دەڵێن بەڕێژەی ٥٠ ٪ بەرزبۆتەوەو ڕێژەی ساڵی ٢٠٠٦ یان بەم جۆرە خەملاند.

خۆئەگەر لەم روانگەشەوە بڕوانینە کوردستان دەبینن کۆچبەرێکی زۆری کورد لەدەرەوەیەو تێکەڵ بەژیانو کولتوری ئەورپا بوەو لەهەمان کاتیشدا سنورەکانی کوردستان ئاوەلان بەڕووی ناردنی هەمووجۆرە نەخۆشیەکداو لەهەمان کاتیشدا خەڵکی کوردستان لە ڕووی ڕۆشنبیری سێکسیەوە بەچاكو خراپیەوە زۆر هەژارنو تەنانەت ڕوویان نایەلای دکتۆریش دەردەکەی خۆیان باس بکەن بۆیە پێویستە لەخاڵە سنورییەکانو ناوخۆدا ڕێنمایی تەندروستی هەبن لەوبارەوە بەدووریش نازانرێ ئەم نەخۆشیە لەلایەن تیرۆرستانەوە بنێردرێتە کوردستان لەڕێگای ئافرەتانی سۆزانیەوە بۆیە گەنجەکان دەبێ ئامۆژگاریە پزیشکیەکان لەبەرچاو بگرن دەنا دووایی پەشیمانی دادنادات.



# لاوازی ئافرەتان لە پرسە تایبەتیەکاندا



نەسرین حەسەن

کاتێ باس لە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەکرێت، مەبەست نارەزایی دەربڕینی چین یان توێژێکی کۆمەڵگەیە لە بەرامبەر بە هەلومەرجێکی سیاسی کۆمەڵایەتی یان هەر زروفێك کە لە بەرژەوەندیاندا نەبێت. ئەم بزووتنەوانە لەوانەیە شێوازێکی ڕێکخراوەیی هەبێتو بەردەوام وەك خاڵێکی بەهێز ئیشو چالاکیەکانی ئەنجام بداتو دەنگی خەڵك بگەیەنێتە دەسەڵاتی سیاسیو یان لەوانەیە ئەو بزوتنەوەیە لەهەلومەرجێکدا دروست بووبێو دوای جێ بەجێبوونی داواکاریو داخوازیەکانیان کپ بکرێتەوە، بزوتنەوەکان زیاتر لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، ئەرکو کارەکانیان بەڕێوە دەبەن. ئەوەی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای کوردیدا دەبینرێت، کۆمەڵێك کێشەو گرفتە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا کە هەر کامیان کاریگەری خۆی لەسەر ڕەوشی ژیانی خەڵك کە پێویست بەوە دەکات بزوتنەوەکان زیاتر ڕۆڵیان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك. یەکێك لەو گرفتانەی کە ئەمڕۆ زۆر باسی لێوەدەکرێت و تەنانەت سەرکردایەتی سیاسییو حکومەتیش هەڵوێستی وەرگرتووە، ئەویش دیاردەی توندوتیژیو کوشتنی ئافرەتە کە ماوەیەکە رووی لە زیادبوون کردووە، دیارە کۆمەڵێك هۆکار لەپشتی ئەم دیاردەیەوە هەیە کە هەر تاکێکێکی ئەم کۆمەڵگایە دەبێ خۆی بە بەرپرس بزانێ بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو دیاردەیە بکرێت. هەڵبەتە سەنتەرو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان، بۆ بەرەنگار بوونەوە بەرامبەر ئەو دیاردەیە دامەزراون، بەڵام هەمووکات دەکەونە بەر ڕەخنەو گلەییو گازندەوە کە ڕۆڵی خۆیان وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە ئافرەت بەباشی بەڕێوە نابەن، یان نەیانتوانیوە گۆڕانکاری لە ڕەوشی ئافرەتدا بکەن لەم کۆمەڵگایەداو هەست بەلاوازی دەکرێت لە ئەرکەکانیان، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەهەندێك هۆکار بکەم بۆ ئەم مەبەستە تیشك بخەمە سەر ئەو خاڵە لاوازانەی کە لە بزوتنەوەی ئافرەتاندا هەیە: سەرەتا دەبێت بڵێم تاوەکو ئێستاش جموجۆڵی ئافرەتان نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە پێی بگوترێت بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، کە یەك دەنگو یەکگرتوو هەوڵی چاکسازی بدەن، جموجۆلی ئافرەتان بەربڵاوەو داواکاریەکانیان روون نییە، ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە جموجۆڵیان زۆرە، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، دامەزراوە سەربەخۆکانی ئافرەتان ڕۆڵێکی کاریگەریان لە کۆمەڵگادا نییەو نەیان توانیوە ببنە پردێك لەنێوان ئافرەتانو هەڵسوڕاوە کۆمەڵایەتیو سیاسی، هەر لەبەر ئەوە ئافرەتان کەمتر لەدەوری بابەتی تایبەت بەخۆیان کۆدەبنەوە، بۆ نموونە: یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی تایبەت بەکێشەی ئافرەتان، ئەو نایەکسانیەیە کە لەگەڵ پیاودا هەیە، بەڵام ئایا ئەم مەسەلەیە تاچەند کاری بۆکراوە..؟ لاوازی جموجۆڵی ئافرەتان تەنیا تایبەت بەخۆیان نییە، چونکە کۆمەڵگای کوردی تەنیا کێشەی تایبەت بە ئافرەتی نییە، بەڵکو زۆر کێشەی دیکەی هەیە کە پەیوەندی بەهەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایەوە هەیە، سەرەڕای ئەوەش ئافرەت ناتوانێت بە تەواوی ئیش بۆ خۆی، کار بۆ کێشەی خۆی بکات، لەبەر ئەوەی ئەویش وەك تاکی ئەم کۆمەڵگایە بەرپرسە بەرامبەر هەر کێشەو ڕووداوێك کە دێتە ئاراوە. هۆکاری دووەم کە باسی بکەم ئەوەیە کە هەموو ئافرەتێك ناتوانێ ڕۆڵو کاریگەری هەبێت لە چارەسەری کێشەکانیدا، چونکە تەنیا بەشێکی کەم لە ئافرەتان بەشدارن لە شوێنە گشتیەکان یان ئەو شوێنانەی کە تایبەتە بەکاروباری خۆیان، لە بەشێکی زۆر لە ئافرەتان لەماڵەوەو تەنیا سەرقاڵی کاروباری ماڵەوەنو بێ بەشن لە پەیوەندیە گشتیەکانو تەنانەت تارادەیەکی زۆریش، لە سەر بەخۆیی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کە بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن یان خاوەنی بیروڕای خۆیان بن، کە ئەمەش بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم سەربەخۆیی ئافرەت کە ئیش بۆخۆی بکات یان ڕێگای پێ نادرێت کە خۆی پەروەردە بکات، کە بێ گومان بەشداری ئافرەت لەهەر بوارێکدا تا رادەیەکی زۆر دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بکات، یان هاوبەشیو پێکەوە بوونی سەنتەرورێکخراوەکان، خاڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی ڕەوشی ئافرەتان بەرەو ئاراستەیەکی باش بڕوات، بەڵام ئایا ئەو هاوپشتیو یەکگرتووییە لە ئارادایە..؟ سەرکەوتنی هەر بزوتنەوەیەكو گروپێکی کۆمەڵایەتی لەوەدایە، کە بەهەموو توانایەك لەپێناو ئامانجەکانیدا هەوڵ بدات، هەروەها هانی خەڵك بدات کە بێنە ناو گۆڕەپانی خەباتەوە، ئەو خەباتەش کاتێك دەتوانێ کاریگەری خۆی هەبێت، کە هاوبەشو یەك دەنگی لەناو گۆڕەپانەکاندا هەبێتو کار بۆ بەرەوپێشچوونو جێ بەجێکردنی داواکاریو خەڵك دەکەن، ئەوەی کە لە دامەزراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان هەیە، هەستێکە کە رووحیەتی هاوبەشی تێدا لاوازەو تا ئێستاش نەتوانراوە بەپێی پێویست لەپێناو بەرژەوەندی دۆزی ئافرەت کاربکەن، ئەمەش لەبەر بەربڵاوی لەئیشکردنو پەراوێزخستنی یەکتری دەردەکەوێتو هەڵپەی گواستنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لە دامەزراوەکان بۆ دەرەوە زۆر لاواز دەبێت. لەهەر کێشەیەکدا پێویستە بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەرچەندە کە بڕیار زۆرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەت، بەڵام تا ئەو بڕیارانە نەچێتە قاڵبی یاساوەو بەپێی یاسا کاری عەمەلی بۆ نەکرێت کێشەکانی ئافرەتیش بە هەڵواسراوی دەمێننەوە..!

# گەنج لە ململانێی ئایدۆلۆژیایی دەسەڵاتدا

گەنجی ئەمڕۆ ڕۆڵێکی گرینگو چارەنوسسازی هەیە لە قۆناغی پڕۆسەی سیاسی کوردستانو دەتوانین بڵێین کە دیمۆگرافیای ئەمڕۆی کوردستان وەك زۆربەی وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵات بەلای گەنجدا دەشکێت، واتە زۆربەی پێکهاتەکەی گەنجن، زۆربەی گەنجەکانی ئەمڕۆی کوردستان لە باوەشی دەسەڵاتی کوردی لەدایك بوونو کولتورو شەقی بەعسیان نەبینیوەو نازانن کە گەنجی پێشخۆیان چۆن ژیاون، کێشەکە خۆی لێرەوە دەست پێدەکات گەنجی ئەمڕۆ تەنها چاوی ئەو شتانە دەبینێت کە هەڵەن واتە تەنها لایەنی نێگەتیڤی دەسەڵات دەبینێت لایەنی پۆزەتیڤی لەبەرچاو نەگرتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردی نەهاتووە پەروەردەیەکی مۆدێرنی گەنجەکانی بکاتو کێشەکانیان بەشێوەیەکی بابەتیانەو زانستی بۆشی بکاتەوە... کە بەراستی ئەمە ئەرکی دەسەڵاتە تاوەکو گەنجەکانی توشی بیرکردنەوەی ئانارشیزمانە نەبن. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا جۆرێك لە لێکدانەوەی نێگەتیڤانەو ململانێیەکی ئایدۆلۆژی هەیە لەنێوان گەنجو دەسەڵاتدا، کە ئەم لێکدانەوەیە خۆی لە ناڕازایەتیدا دەبینێتەوە لەئاست کەموکوڕیەکانو فەراهەم نەکردنی ژیانو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن بۆ هەموو توێژەکانی کوردستان بە گشتیو گەنجان بەتایبەتی، یاخود بەردەوام ململانێیەکانی نێوان گەنجو دەسەڵات لە ڕووی ئایدۆلۆژیایەوە جۆرێك لە سیفەتی گشتیەتی بەخۆیانەوە دەبینن وای لێهاتووە کە خەریکە دەبێت بە شتێکی ڕۆژانەو بەردەوام گەنجان قسەی لەسەر دەکەنو دەسەڵاتیش لە ئاست ئەو ململانێیەدا مسی کراوە بە گوێدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەمكو بیرو هزرە کۆنانەی کە دەسەلاتی لەسەر دامەزراوەو هەمان چەمکیش لەگەڵ گەنج بەکاردەهێنێت. بۆیە گەنجان بێزارن لەم چەمکانەو هەمیشە هەوڵ دەدەن کە زوتر دور بکەونەوە لە وڵاتی خۆیان. ئاخۆ لەبەر ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا دەسەڵات پێ بە پێ بەرەوە بەساڵاچوون دەڕواتو کەسانی دەسەڵاتداریش بەرەو پیری دەچن دەبێت ئایدیاکانیشیان لەگەڵ تەمەنیان پیرببێت؟؟!!! بۆ دەسەڵات هەوڵ نادات کە جارێکی دی چەمکی بۆچوونەکانیان دابڕێژێتەوە لەسەر شێوەیەکی مۆدێرن کە لەگەڵ واقعو ئایدۆلۆژیای سەردەمی بە جیهانی بووندا بگونجێت؟؟ پێوستە بزانین ئەم دەسەڵاتەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە کە بەدەنگی هەموو چینەکانی کۆمەڵگە هاتۆتە ئاراوە، ئایا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نوێنەرایەتی کام چینەی کۆمەڵگە دەکات؟؟ لەکاتێکدا کە دەسەڵات بەدەست پیرەکانەوەیە!دەبێت تەنها نوێنەرایەتی پیرەکان بکاتو گەنجان پشتگوێ بخات ؟؟ ئەم دەسەڵاتە هەمیشە بەناوی هەموو تاکەکانەوە دەدوێتو گەنجیشی کردوەتە سومبولی هزرەکانی خۆیو نەتەوەکەی !! کاتێك ئەم بانگەشەیە دەکات تەنها بۆ مەبەستە تایبەتیەکانی خۆیەتی؟؟ یان بە پردی دیالۆگدا تێدەپەڕێتو دەبێت بە بنچینە بۆ داهاتوو؟؟ بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارو سەرنج بێت بۆ گەنجو دەسەڵات ئەوەیە: ئایا دەسەڵات لە ڕووی کرداریەوە ئەرکەکانی خۆی جێ بەجێ کردووە؟؟ یان تەنها بە گووتنی قسە کۆتایی بە بابەتەکە هێناوەو پشتگوێی خستووە ؟؟؟ ئەرکی گەنج چیە بیکات لەبەرامبەر دەسەڵات ؟؟؟ وەك دەزانین هەموو کەسێك کە مافی هەیە ئەرکیشی هەیە. ئایا گەنجان دەیانەوێت تەنها ئایدیاکانی دەسەڵات بەرەو گەنجی ببەنەوە ؟؟؟ یان دەیانەوێت ڕیفۆرمێکی سەرتاسەری لە ناو دەسەڵاتدا بکەن ؟؟ ئەم دەسەڵاتە پیرە لاببەنو دەسەڵاتێکی گەنجانە دروست بکەن؟؟؟

ڕاوێژ محمد / قەڵادزێ
rawejshamam@yahoo.com



# نیلۆفەر:

# تورکی فاشیست



نیلۆفەر ئیقباڵ ژنە هونەرمەندی باشووری کوردستان کە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵە خزمەتی گۆرنیو مۆزیکی کوردی دەکاتو سەرەتا چەند ئەلبومێکی بەزمانی تورکیو چەندین ئەلومی دیکەی بەزمانی کوردی هەیەو ئێستا لە باشووری کوردستانە بەسەردانو لەم هەڤپەیڤینە کورتە دا کە لەبنەڕەتدا بە زاراوەی کرمانجی ژورو کراوەو خراوەتە سەر زاراوەی کرمانجی خواروو بۆ خوێنەرانی زنار دواندوومانە.

نار: نیلۆفەر کێیە

نیلۆفەر: من خەڵکی باکوری کوردستانم لەناوچەی ڤارتۆیا شاری مۆشێ لەدایك بووم، لەخێزانێکی٧ منداڵی من منداڵی شەشەم بووم. هەبۆیە ژمارە ٦ ژمارەی بەختمە، تا تەمەنی ١٧ ساڵی لە ڤارتۆ ژیانم بەسەربردو خوێندنی دواناوەندیم لەوێ تەواوکرد، دواتر کاتێك ڕێگای مۆزیکم هەڵبژارد روم لە ئەستەمبوڵ کرد.

زنار:لە کەیەوە کاری هونەری دەکەی

نیلۆفەر:لەتەمەنی هەشت ساڵیدابو کە فاممکردەوەو بڕیارمدا ببمە هونەرمەند، چونکە مۆزیك هەمیشە لە خەیاڵی مندابوو، لەوکاتەوە تا ئێستا هەموو ژیانی من بۆ هونەر بووەو هیچ کارێکی دیکەم نەکردووە جگە لەهونەر، تەنانەت ئەو کاتەش کە لە ڤارتۆ بووم گۆرانیم دەگووت.

زنار: بۆ گۆرنیت بەزاراوەی سۆرانی کەمە

نیلۆفەر:بەڕاستی منتان ناسیبا ئەو پرسیارەتان نەدەکرد، بەڵام دیسان وەڵامتان دەدەمەوە. سەرەتا من زازامو زاراوەی من زازاییە. ئەوکاتەی من لە ئەستەنبوڵ مۆزیکم بەزمان تورکی لە قوتابخانەی عارف ساگ دەخوێند، ئەوکات دوو ئەلبوومی من بە تورکی دەرچوو، ئەوکات من وەك کەسێکی چەپ بوومو هیچ بیرێکی نەتەوەیی لای من وجودی نەبوو. دوای ئەوەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا تۆرکۆت ئۆزال یاسایەکی دەرکردو زمانی کوردی کەمێك ئازاد کرد لەو کاتەوە دەستم بە گۆانی گوتن بەزمانی کوردی کرد. دوو ئەلبوومم دەرکرد بەناوی نەورۆز یەكو نەورۆز دووو کەوتمە سە ئەو ڕێگا دوورو درێژە. بۆیە ناچاربووم زاراوەی کرمانجی فێرببم، دوای ئەوە زانیم کە زاراوەیەکی دیکەی کوردی هەیە کە سۆرانیە، بیری نەتەوەیی لای من بەرزتر بۆوە باشتر لەرۆشنبیری کوردی نزیکبومەوەو باشتر خۆمم ناسی. لەوکاتەوەزانیم زاراوەی سۆرانی هەیە، بەڵام لەو دوو دوا ئەلبومەمدا گۆرانی سۆرانیم گوتووە. فۆنەتیکم باش نیە لە باکوریش سۆرانی لێنیەو قەت نەشهاتبووم بۆ باشووری کوردستان بەڵام دیسان سۆرانیم گووتووە. چونکە ئێمەی کورد چۆن یەك نەتەوەین ئاواش زمانمان یەکە، دەتوانم بڵێم من هەرگیز جیاوازی ناکەمو سەیرکە چەند گۆرانیبێژی کوردی باکوور بە سۆرانی گۆرانی دەڵێن.

زنار:لە باکوری کوردستان ڕێگری هەبوو،



# هەمیشە هەوڵی دزینی موزیکی کوردی داوە

ڕێگریەکان چ بوون لەبەرامبەر هاتنت بۆ ناو دنیای هونەر

نیلۆفەر: بەڵێ راستە هەیەو بەردەوامیش هەیە. ئاستەنگی هەرە گەورە ئەوەیە کاتێك ئێمە بمانەوێ ئەلبومێك بەزمانی کوردی دەربکەین هەرچۆنێك بێت ئاستەنگمان دەخەنە بەردەم. دەوڵەتی تورکیا نایەوێ زمانی کوردی بڵاوببێتەوە بازاڕی کوردی بەرتەسك دەکاتەوە هەربۆیە کۆمپانیاکانی مۆزیك‌و ئالبوم بەرهەمهێن نایانەوێ بەزمانی کوردی ئەلبۆم بەرهەم بێنن، چونکە زەرەر دەکەن‌و دەوڵەت ئاستەنگ بۆ ئەو ئەلبومانە دروست دەکات، ناتوانین بەبێ ریکلام ئەلبومەکانی خۆمان بناسێنین‌و لە تەلەفزیۆنە تورکیەکانیش ئالبومەکانی ئێمە بڵاوناکەنەوە. هەربۆیە بازاری گۆرانی کوردی کەمدەبێتەوە. ئێستا مۆزیکی کوردی لە باکوور بازارێکی گەورەی هەیە لەبەر ئەو ئاستەنگانە واخەریکە لاواز دەبێت. گرفتێکی دیکە ئەوەیە کە ئێمە لەناوخۆماندا پارچە پارچەین‌و ئەگەر نزیك نەبیت لە پارتێکی سیاسی ناتوانی جێگای خۆت بگری. سێیەم گرفت کارسازانی کوردو دەوڵەمەندە کوردەکان لەترسان نایانەوێ هاوکاری ئەلبومی کوردی بکەن.لەناو هەموو ئەم گرفتانە ئێمە خەبات دەکەین، بەڵام هیوای ئێمە تەنها ئەوەیە میللەتی کورد دەرکی ئێمە بکات. هەموو هیوای من کودستانی ئازاد بوو بەڵام هاتم‌و دیتم لێرە هەمو کەس بۆتە هونەرمەند هەرکەسێك گۆرانیەك دەڵێت پێیدەڵن هونەرمەندو هونەرمەندی راستەقینە لێرە وون دەبن. لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم ئێمە لێرە هەم هەین‌و هەم نین بۆیە من لێرە خۆم وون دەبینم.

زنار: هونەر چی پێبەخشیت‌و چی لێسەندیتەوە

نیلۆفەر: مرۆڤ بە هونەرمەندی دێتە دنیاوەو کاتێك رووحی هونەرمەندی لەسەر تۆ هەبێت دەتوانی پێشیبخەی بەڵام ئەو رێچکەیە لەسەر تۆ نەبێت تۆ ناتوانی ببیە هونەمەند. هەموو ناودارانی جیهان‌و فەیلەسوفان‌و هونەرمەندانی ناودار بەو شێوەیە جۆرێك لە شزۆفرەنکیان هەیە. لای منیش هەیە ئێستا من ناتوانم ئەو حاڵەی خۆم بۆ میللەتەکەی خۆم بناسم. من بۆ ئەوە دەسوتێم

زنار:تا ئێستا بیرت لەوە نەکردۆتەوە لە باشووری کوردستان کۆنسێرت بکەیت

نیلۆفەر: تۆ بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ ئۆرگانزاسیۆنت نیە، هۆڵی کۆنسێرتت نیە، هەروەها دەنگ‌و تەکنیکی کۆنسێرت لێرە کەمەو لەبەر ئەوە تاکو ئێستا نەمتوانیوە دەنگی خۆم بخەمەسەر شانۆکانی کوردستان. لەبەر ئەوەی ناتوانین بە شێوەیەکی باش‌و پرۆفیشناڵ کۆنسێرت بکەین ئەگەر هاتوو رۆژێك توانرا بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ هەموو شتێك ئامادەبکرێت‌و بتوانم لەگەڵ گروپەکەی خۆم کە لە ئەڵمانیان لێرە کۆنسێرت بکەم ئەوکات ئامادەم.

زنار: پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندان بەگشتی‌و هونەرمەندانی کوردستانی باشوور چۆنە

نیلۆفەر:بەگشتی پەیوەندیم لەگەڵ هونەرمەندان خۆشەو پەیوەندیمان گەلێك باشە، هاوکاریەکی باش لەنێوان من‌و مۆزیکژەنانی کورد هەیەو منیان زۆر خۆش دەوێت‌و باوەڕیان بەمن هەبوو بۆیە لەگەڵ من کۆبونەوە. ئەو هاوکاریە بوو کۆیکردینەوە لەرۆژانی ٢٤و٢٥ی١٢ی ساڵی ٢٠٠٦ لەدیاربەکرو کۆنفرانسێکی مۆزیکی کوردیمان سازکرد. لەگەڵ هونەرمەندانی باشوریش بەتایبەتی مەزهەری خالقی‌و حوسێن شەیف دۆستی منن‌و گەلێك نزیکین‌و لەگەڵ هەموو هونەرمەندان پەیوەندیمان گەلێك باشە.

زنار: ئەو گرفتانە چین کە دێنە بەردەم کارە هونەریەکانت

نیلۆفەر:دەوڵەتی تورکیا هەمیشە سیاسەتی پاکتاوکردنی کودی وەك یەك لە ستراتیژە نامرۆییەکانی خۆی پراکتیزە کردوە، مۆزیك‌وهونەی کوردی هەمیشە ژێر دەست بووە، تورکی فاشیست هەمیشە هەوڵی دزینی رۆشنبیری‌و موزیکی کوردی داوە، بەڵام بناغەی ئێمە لەوەدایە کە گەلی ئێمەی کورد پێکەوە تەبابین‌و هاوکاری هونەرمەندانی خۆمان بکەین ئەوکات ئێمە

پێویستیمان بە رادیۆو تەلەفزیۆنی تورك‌و هاوكاری ئەوان نابێت. بەڵام ئێمە خۆمان دووژمنی یەكترین، ئەگەر پارت‌و سیاسەتمەدارانی ئێمە هاوكاری ئێمە نەكەن، مرۆڤ سەرناكەوێ. من حەزدەكەم هونەرمەندی هەر چوار پارچەی كوردستان بم، نامەوێ یەك هونەرمەندو یەك سیاسەت‌و یەك پارت بم. لەبنەڕەتدا هونەر لە سەرووی سیاسەتەوەیە، بەڵام لە باكوور بندەستی بەردەوامە، قەدەغەكردن بەردەوامە، كۆمپانیا توركیەكان هاوكاری هونەرمەندە كوردەكان ناكەن. دەڵێن كلیپە كوردیەكان لە تەلەفزیۆنەكان نیشان نادرێن‌و ئێمە قازانج ناكەین.

زنار: بەاوەری تۆ بۆ ژنانی كورد بە شێوەیەكی فراوان نەیانتوانیوە بەشداری هونەرو مۆزیكی كوردی بكەن.

نیلۆفەر: بەراستی پرسیارێكی گرنگە، بەڵام بە باوەڕی من خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە چونكە هونەرو مۆزیكی كوردی هەمیشە بندەست بووە، یاخود هونەر هەمیشە لەژێر ركێفی پارت‌و سیاسەتمەدارانی كورددا بووە، زوڵم‌و زۆری، بندەستی، كولتووری كوردی‌و........ هەروەها هەمیشە ژنان بۆ كاری سێكسی‌و منداڵ دروستكردن‌و كاری ناوماڵ سوودیان لێوەرگیراوە. ئەوانەو گەلێك رووداوی دیكەی بەرچاوو بوونە ئاستەنگی گەورە لەبەرامبەر پێشەوەچوونی ژنان لەهەر بوارێكدا.

زنار: پێناسەت بۆ ئەمانە چیە

١-چوار پارچەی كوردستان: كوردستانی گەورە خەیاڵی هەرە گەورەی منە

٢-خاك: دایك‌و وڵاتی منە

٣-هونەر: بوون‌و ژیان

زنار:دوا ووتەت دەتەوێ بڵێی

نیلۆفەر: ئێستا من كار لەسەر ئەلبومێكی تازە دەكەم‌و لە كۆتایی ئەیلول دەمەوێ لە هەر چوار پارچەی كوردستان بڵاویبكەمەوە، كۆمپانیایەكی مۆزیكم كردۆتەوەو ناوی «نیلۆفەر ئیكبال مۆزیك»ە، لەگەڵ ئەو كۆمپانیایە دەمەوێت خزمەتی گەلەكەی خۆم بكەم‌و داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەم هاوكاریم بكات ئەگەر ئەوان خزمەتم بكەن ئەوا منیش دەتوانم خزمەتی هەموو هونەرمەندان بكەم لەبەر ئەوەی ئەوا ماوەی بیست ساڵە من ئەو كارە دەكەم. من زۆر شتم نەویستووە لەبەرئەوەی تەنها حەسرەتی زمانی خۆم‌و فیداركای گەورەم كردووەو ئێستا من پشتگیریم دەوێ بۆ ئەوەی ئەو كارەی ماوەی بیست ساڵە بناغەی بۆ دادەنێم بیدەمە میللەتی خۆم. هیوای سەركەوتن بۆ هەموو خەباتكارو خوێنەرانی گۆڤارەكەتان دەخوازم. دەڵێم بمێنن‌و گوێتان لەمن بێت.

## رسـکان



# یانەی شیعری رانیە بۆ نەڕسكا

**سدیق عەلی**

بۆ هەموان گرنگ بوو، گروپێكی ئەدەبی تایبەت بە شیعر لەناو شاری رانیە دابمەزرێت‌و سەرجەمی شاعیرەكان، بە كۆن‌و نوێوە ئەندام بن تیایدا، ئێمە چەند گەنجێك زەمینەسازیمان بۆ ئەو گروپە كردو كارنامەیەكمان دیاری كرد، چەند كۆبوونەوەیەكمان بە بەشداری چەند گەنجێك ساز كردو گفتوگۆی باشمان كرد، كە بە خزمەتی شیعرو دەستگیرۆیی هەموان دەكەوتەوە، بەڵام شاعیرە بە ئەزمونەكانمان وەك چۆن لە كۆڕی شیعری گەنجانی رانیە، ئامادە نابن‌و ئەگەر كەسێك لە سلێمانی‌و هەولێرەوە بێت، كورسیەكانی پێشەوە داگیر دەكەن‌و لەكۆتاییشدا دەبنە برا بەشی موداخەلەو گفتوگۆكان، بە هەمان شێوە لەو گروپە شیعریە بەبیانووی جۆراو جۆر ئامادە نەبوون‌و چەندێكیان مەرجیان هەبوو بۆ بەشداری كردن، هەر بۆیەش كۆبوونەوەكان درێژەیان نەكێشاو گروپەكە نەڕسكاو وشك بوو، چونكە ئێمە پێمان وابوو، ئەو كات گروپێكمان دەبێت كە كۆمەڵێك شاعیری قاڵبوو لەو بوارە سەرپەرشتیمان بكەن‌و لە رێكخستنی كارو چالاكیەكانمان هاوكاربن‌و رێنوێنیمان بكەن، هەروەك چۆن حەزمان دەكرد، لە گفتوگۆكانمان ئامادەییان هەبێت‌و بتوانین بە یەكەوە گۆمی مەندی شیعر بشڵەقێنین‌و ئەو گەنجانەش پەروەردە بكەین، كە حەزیان لە بوارەكەیەو بەهرەدارن‌و پێویستیان بەوە هەیە، ئاراستە بكرێن، بە هەر بیانوو، ئەوان نەهاتن‌و ئێمەش گرووپەكەمان لەبار چوو، كە رەنگە بە زیانی رەوتی ئەدەبی لە شاری رانیە تەواو بێت‌و ئێستاش ناتوانین گلەیی لەو گەنجانە بكەین، كە هەر كەس لەخۆیەوە كۆمەڵێك تێكستی كاڵ بڵاو دەكاتەوەو كەسێك نیە ماڵی راستەقینەی شیعریان نیشان بدات، هەرچۆنێك بێت ئەو گروپەی كە مەبەستمان بوو بۆ شیعر دایبمەزرێنین‌و چالاكی هەمەجۆری هەبێت، چ بەناوی كۆڕی شیعری رانیە، یان یانەی شیعری رانیە، نەهاتە بوون‌و ئێمەش بەهۆی ئامادە نەبوونی ئەو بەڕێزانەوە سارد بووینەوەو كۆبونەوەكانمان راگرتن‌و بیرۆكەكەمان شكستی خوارد.

# کورد لە هەڵدێرێکی نوێ دا

**نیگار نادر-لەندەن**

لەو رۆژانەدا کە شەپۆلێکی مەیلەو مرداری بێئاگایی‌و ورِی بەسەر تاکی کورددا هەڵدەکشێ‌و کورد گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی سەر زەوییە لەسەدەی بیست‌و یەکدا، قەیران لەدووی قەیران بەسەر مێژوو، بەسەر سیاسەت‌و بەسەر زمان‌و رەوشتی کورداندا دەسەپێندرێ. هەندێك پرسی بە کاکڵەو بە ئەمەك لێم نەگەران چیدی بێدەنگ بم‌و نەهێمە تێهێزرینیان.. هەڵدێرەکانی کورد تێیان کەوتووە، زۆرن هەر لە هەڵدێری فیکری تا هەڵدێری سیاسی‌و مێژوویی‌و ئابووری‌و کۆمەلآیەتی‌و فەرهەنگی کە پێشینەیەکی کولتووریان هەیە. لەبەر هەندێ ئەگەر، هەرتاکێکی خوێندەواری کورد بە چاوێکی تیژ لە دەوروبەری خۆی بروانێ، ئەو رووداوەو گۆرانکاریە خێراو سروشتیانە دەبینێ‌و هەستی پێدەکات، کە بەدەورەماندا دەگوزەرێن‌و بوونەتە قەیرانی سیاسی‌و کۆمەلآیەتی ئابووری‌و رۆشنبیری. بە درێژایی مێژوو بە جۆرەها پلان رووبەرووی کوردان کراونەتەوە، بۆیە جێی سەرنجە، لە پاش هاتنی ئەمریکا بۆ کوردستان وردترو بە هۆشیارانەتر لەو قۆناغە رامێنین‌و لێی بهزرێین. بۆمان بەدەردەکەوێ کە کوردستان بەری لەژێر پرۆسەیەکی چەپاندنێکی سەرتاسەریدا بووە، وەکو چەپاندنی سیاسی‌و مێژوویی‌و ئابووری‌و کۆمەلآیەتی‌و رۆشنبیریی، بەر لەو چەپاندنە فیکریە بە درێژایی مێژوو، هەر پشتی بە دەوڵەتان بەستووەو متمانەی بە هەموو ئەوانە کردووە کە دەستیان بۆ درێژکردووە. چەپاندنی سیاسی: رەهەندێکی هێندە قوڵە گەر بچینە ناوی، دەبێ هەموو شۆرش‌و راپەرین‌و خەباتی نەتەوەیی کورد بەر خوێندنەوەیەکی وردو قۆناغ بەقۆناغی هەڵگێربکەین‌و بەسەرلەبەری ئەو مێژووەدا بچینەوە، کە ئەویش بەر پرۆسەی چەپاندن خراوە. لای هەمووان ئاشکرایە تا بەر لەهاتنی ئەمریکاو رووخانی رژێمی بەعس، لەکۆی سالآنی رابردوودا تەنها سالی ١٩٩١نەبێ، کورد لە پەراوێزێکی گچکە جاربەجار ئاماژەی پێدەکرا.. چەپاندنی سیاسی نەتەوەی کورد بە پلانی ورد نەخشەی بۆ کێشرا تا ئەوکاتەی پێویست دەکات. کورد لەپاش قۆناغی شۆرشی چەکداری، زۆربەکەمی بنەمایەکی تۆکمەو زانستی بۆ سیاسەت هەبووەو لەسەر ستراتیژیەتێکی بە بنەما هەنگاوی سیاسی ناوە، تەنها لەو کاتانەدا نەبێ کە کەوتۆتە ناو تانگانەو مەترسیەوە، لەوکاتەدا کتو پر هەنگاوی هەرەمەکی‌و سیاسی هەڵێناوە. کاتی ئەوە هاتووە کورد دەستبەرداری ئەو هەرەمەکیە سیاسیە بێ‌و زانستی سیاسەت بەهەند وەرگرێ، لەو رووداوو پێشهاتانەی پەیوەندیان بە چارەنووسی نەتەوەییەوە هەیەو بەدیدێکی رەخنەیی لەو چەپاندنە سیاسیە قوڵبێتەوەو بزانێ چەپاندنە سیاسیەکەی بەشێوازێکی (مەتاتی)بووەو کاری لەسەر کراوە بەچەند ستراتیژێکی فرە رەهەند، لەهەریەك لە قۆناغەکانی شۆرش‌و راپەرین‌و خەباتی سیاسیدا لە هەڵدێرێکی سیاسی کەوتووە. جێی خۆیەتی لێرەوە، بەهەندێك سەرنج رۆچمە ناو ئەو هەڵدێرە سیاسیە.

هەڵدێری سیاسی: زۆر مرۆڤ هەنە سیاسەت دروست دەکەن، زۆر سیاسەتیش هەنە، مرۆڤ دروست دەکەن، کولتووری سیاسی هەر نەتەوەیەك، جیاوازە لە کولتووری سیاسی هەر نەتەوەیەکی دی، بێ لە خاڵی وێکچوونیان. زۆر مرۆڤ بەرێکەوت لە ئەنجامی کردارێك، دەبنە سیاسیەکی گەورەو ناو دەردەکەن، هەندێکی دی تا دەمرن خۆیان بە سیاسەتەوە خەریك دەکەن لێ نابنە سیاسی. زۆر دەڵێن سیاسەت زمانێکی زۆر دەکاربراوو دڵێکی فراوان‌و جەستەیەکی چەند رووی پێدەوێ، لێ زۆر مرۆ هەنە هەر زمانیان لەدڵیدا نییەو دڵیان لە سینگدا نییەو سەری خۆیان بەسەر ملیاندا بەرداوەتەوەو لێ بە سیاسیش ناوزەد دەکرێن دەچنە ناو مێژووی سیاسیەوە. لەناو نەتەوە دواکەوتووەکاندا، سیاسەت فەرهەنگێکە، ناوی هەموو تاکێکی تێدایەو ماناو پێناسێکی هەموو تاکێکی تێدا دەدۆزیەوە، زۆربەی هەرە رۆشنبیرەکانی نایەوێ دڵی سیاسیەکان بشکێنن‌و ئەدیبەکانیش تەنها بە بەژن‌و بالای سیاسیەکاندا هەڵادەڵێن. مێژوونووسەکان سەرکەوتنەکانیان بۆ تۆماردەکەن‌و رۆژنامەنووسەکانیش سنوورەکانیان نابەزێنن‌و هەروەختێك سیاسەت مەبەستی بێ پێویستی بە نووسەرو قەڵەمەکان بێ، رۆشنبیرەکان فرێدەداو کەناڵێکی دەداتێ، کامێرا بە رۆژنامەنووسان فرێدەداو کەناڵێکیان دەداتێ. کۆمەڵگا هەن، سیاسەت وەکو پەتا پێیان وەربووەو هاولآتیەکانی نازانن تەمەنیان چۆن دەگوزەرێنن، بازرگانەکانی سیاسین‌و پیشەکارەکانی هەر بۆ سیاسەت دەکوتن‌و تێکرای ژنەکانی مەیلی چوونە ناو سیاسەتیان هەیە، هەموو جوتیارو هەژارەکانیشی رووەکەنە ناو دەزگاکانی دەوڵەت، دەبنە پۆلیس‌و ئاسایش‌و پاسەوان. لە سەدا هەشتای هاولآتیان حزب‌و حکومەت، بە پەناگەو قەرزباری خۆیان دەزانن‌و لە سەدا پەنجاشی خەونی بوونە وەزیریان هەیە، نیوەکەی دیکەشیان راوێژکارو بەرێوەبەری گشتی‌و لە سەدا چلیان هەمووەدەبنە خاوەن بروانامەی دکتۆراو، ئەوانی تریش تێکرا ببنە موچە خۆر لە دەزگاکانی پۆلیس. تاکەکەس نامێنێ بە ژیان‌و پیشەی خۆی رازی بێ‌و خەون بە سیاسی بوونی خۆیەوە نەبینێ. سیاسەت بێ لەوەی هەڵدێرێکی قوڵە، هەڵدێری ورد وردیشی زۆر تێداهەنە، کە یەك لەوانە هەڵدێری زەمانە.□

